# ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: هۆکار و هەلومەرجەکانی بەتەناهیبوونی

ئالان حەسەنیان

و: سامال ئیلامی

## وشە کلیلییەکان
ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ چالاکیی ژینگەیی؛ بەتەناهیکردن؛ سڕینەوەی دارستان؛ چیا؛ مەریوان؛ زرێبار

## کورتە
لە کۆتاییی ١٩٩٠کانەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە لانکەی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان (NGO)، کە گرێدراوی چالاکییە جۆراوجۆرە فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتییەکانن. لەناو ئەم پەرەسەندنەدا، دامەزراندنی ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان ڕەوتێکی بەرچاو بووە، بەرادەیەک کە زۆربەی نزیک بەهەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگای ژینگەپارێزیی خۆیانیان هەیە. ئەگەرچی کۆمەڵگا ژینگەپارێزییە کوردییەکان بەپێی قانوون و ڕێوشوێنەکانی ئێران دامەزراون، دەرکەوتووە کە بەڕێوەبردنی چالاکییە ژینگەپارێزییەکان کارێکی مەترسیدارە، کە ئاکامی دەبێت بە بەندکردن، تیرۆر و پاشهاتە پێشبینی نەکراوەکانی تر بۆ چالاکان. ئەم نووسراوەیە باس لەسەر ئەوە دەکات کە حکوومەتی ئێران ڕێبازێکی تەناهییانە بۆ ژینگەپارێزی لە هەرێمی کوردستان لە ناو وڵاتەکەدا جێبەجێ دەکات. ئەم خوێندنەوەیە، لەو هۆکارگەلە دەکۆڵێتەوە کە دەبن بە هۆی بەتەناهیبوونی ژینگەپارێزیی کوردی.

## پێشەکی :چالاکیی ژینگەیی و بەتەناهیبوونەکەی
سەرەڕای ژینگەپارێزیی «شارستانیانەی» ڕوولەگەشە، پێداچوونەوە بە ویژەی ئەم بوارەدا دەریدەخات کە ئەم بوارگە(area) بە بەربڵاوی پشتگوێ خراوە. بۆ وێنە دۆنۆ و ئال پێیان وایەکە، توێژینەوە لە چالاکیی ژینگەپارێزی هێشتا زۆر چڕ نەبووەتەوە و بە باشی پێناسە نەکراوە و تا ئێستا، زۆر بە کەمی پێوەندیی نێوان چالاکیی ژینگەیی، ئاکاری ژینگەخوازانە (pro-environmental behaviour) و شوناسی کۆمەڵایەتی تاقی کراوەتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، ویژەی هەنووکەییی ئەم بوارە دەریدەخات کە ژینگەپارێزی، بەتایبەتی لە وڵاتە کەمتر دیموکراتەکاندا، بە هۆی بەتەناهیکردنی قورسی دەوڵەتەوە تووشی ئاریشە دەبێت. ڕێکخراوی ناحکوومیی نێودەوڵەتیی چاودێری جیهانی(global witness)، بەتەنیا لە ٢٠١٦دا کوشتنی ٢٠٠ چالاکی ژینگەییی تۆمار کردووە، کە برازیل، کۆلۆمبیا و فیلیپین لەناویاندا زۆرترین ژمارەی کوژراویان هەیە. هێشتا لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە کوژراوەکان ڕاپۆرت نەکراون و تەنانەت کەمتر لێیان کۆڵراوەتەوە، وا دەردەکەوێت کە ژمارەی ڕاستیی کوژراوەکان زۆر بەرزتر بێت.

دوو تاقمی سەرەکی، چالاکانی زەوی و ژینگە لە لایەک و تاقمە (گانگە) تاوانبار و بازرگانەکان، ڕاوچییەکان و بەشە نیزامییەکان لەلایەکی ترەوە، لەکۆتاییدا بابەت و بکەرەکانی پرسی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی نوێنەرایەتی دەکەن. بە هۆی پێوەندییە ناهاوچەشنەکانی (asymmetrical) دەسەڵاتەوە، تاقمی یەکەم زۆربەی کات دەبێت بە قوربانیی توندوتیژیی تاقمی دووهەم، بەتایبەتی لەو بابەتگەلەدا کە تێیاندا کردەوەی پاراستنی ژینگە، تۆمەتی دژی پەرەسەندنی لێ دەدرێت. بەڵگە ئاشکرای دەکات کە پلەی بەرزیی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی، بە واتای ئەوەیە کە ئەوانەی بوێریی ئەوەیان هەیە کە دەنگ هەڵبڕن و بەرگری لە بانگەشەکانیان بکەن، دەکرێت بەشێوەیەکی هۆڤانە بێدەنگ بکرێن. لەکۆتاییدا هەر چالاکانن کە بەتاوانبار دەناسرێن، بەرەورووی تۆمەتی نارەوای تاوانبارانە و بابەتە مەدەنییە قورسەکان دەبنەوە، کە

له لایەن ئەو حکوومــەت و کۆمپانیاگەلەوە بانگەشە دەکرێت، کە دەیانەوێت بێدەنگیان بکــەن. ئــەم بەتاوانبارکردنە بۆ ترســاندنی بەرگریکاران، خەوشــدارکردنی ناوبانگیان و تێوەگلاندنیان لە شەڕە قانوونییە قورسەکان بەکار دەبرێن.

لەپێوەنــدی لەگەڵ ئێرانــدا، کە زۆرێک لە لایەنەکانی ژیان تێیــدا بەتەناهی کراوە، ژینگەپارێــزی یــەک لەوبوارگەگەلەیــە کە حکوومەت لە نزیکەوە چاوی لەســەریەتی. ئێــران لــە ڕیزی بیســت وڵاتــی یەکەمی بکــوژی ژینگەپارێزەکاندایە. ســەرهەڵدانی ڕێکخــراوە ناحکوومییــە ژینگەییەکان لە ئێراندا بەرهەمی دوو پەرەسەندنی سەرەکییە: یەکەم، خەســار و قەیرانێکــی ڕوون کە لە ژینگەی سروشتیی ئێراندا دەستنیشان کراوە و دووهەم، هەڵکەوتنی دەرفەتێکی سیاســی لە ۹۰ەکانــدا کە ڕێگای دا بــە کۆمەڵگای مەدەنــی بۆئــەوەی ژمارەیەکــی بەربڵاوی ڕێکخــراوە ناحکوومییــەکان دابمەزرێنێت. لەئاکامــدا، بە درێژەی دوو دەیەی پێشــوو، زۆرێک لە تاقم و ڕێکخــراوە ژینگەییەکان وەک بەشــێک لــە کۆمەڵــگای مەدەنیــی تازەدەرکەوتووی ئێران ســەریان هەڵدا. ئەم ســەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکۆماریی موحەممــەدی خاتەمی (۱۹۹۷-۲۰۰۵)، کە باســی لە گرینگیی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی چــالاک دەکرد و ئــەو باســەی هێنایە ناو سیاســەتی ئێرانەوە. لــە ژێــر کاریگەریی بیرۆکەی پاراســتنی ژینگە و لەســەر هێڵی ڕێنوێنییە کۆژینگەییەکانــی(ecological) قانوونــی بنگەهیی ئێــران، [وەک] مادەی ۵۰ کــە پاراســتنی ژینگــەی سروشــتی، وەک ئەرکێکــی گشــتی دەبینێت و هەموو چالاکییــەک قەدەغــە دەکات کــە دەبێت بە هــۆی خەســاری ژینگەیــی، ڕێکخراوە ناحکوومیە ژینگەییەکان ســەریان هەڵدا. ئــەم ڕەوتگەلە هەروەها بواری ڕەخســاند بۆ ســەرهەڵدان و برەوپێدانی ژینگەپارێزی لە خوارەوە.

خوێندنەوەکانــی ســیمین فەدایــی بۆ پرســی ئاڵوگــۆڕی(evolution) بزووتنەوەی ژینگەیــی لە ئێران پێی وایە کە ســەرەڕای ئەو دوو هۆکارەی لە ســەرەوە ئاماژەیان پێ کــرا، هەوڵە ئاشــکراکانی حکوومەتی ئێران لە ســەردەمی ســەرکۆماریی خاتەمیدا-کە لە ســەرلەنوێ پێکهێنانەوەی بەشی ژینگە لە ســاڵی ۱۹۹۷دا، دامەزراندنی هەیئەتێکی حکوومیــی ســەربەخۆ کــە بەدیاریکراوی سەرنجی دەخستە سەر پرسە ژینگەییەکان (نەخشــەڕێگای نەتەوەیــی بۆ پاراســتنی ژینگــە) و ڕەخســاندنی بوار بــۆ هاوکاریی نێوان ڕێکخراوە ڕەســمییەکان و کۆمەڵگای مەدەنیــدا ڕەنگی دایــەوە — گرینگ بوو بۆ هاندانی ســەرهەڵدانی زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحکوومییــە ژینگەییــەکان لــە ئێرانــدا. فەدایی، بە ســەرنجدان بــەو هەلومەرجەی کە ڕێکخــراوە ناحکوومییە ژینگەییەکان لە سەردەمی ناسراو بە چاکسازیی موحەممەدی خاتەمیدا تێیدا چالاکییان دەکرد، باس لەوە دەکات کە ئەو بەستێنە نیوەسەرەڕۆیانەیەی کــە بزووتنەوەکــە تێیدا پەرەی ســەند، لە یــەک کاتدا ڕێــگای بە چالاکیــی گرووپە ژینگەییەکان دەدا و ڕێگریشی لێ دەکردن. ژینگەپارێــزەکان پێودانگ(norm) و پێکهاتە هەنووکەییەکانــی کۆمەڵــگا دەخەنــە ژێر پرسیارەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەوان گۆڕینی شــێوازی ژیانــی خەڵک و سیاســەتەکانی حکوومــەت لــە پێوەنــدی لەگەڵ پرســە ژینگەییەکاندایە. لەگەڵ ئەمەیشدا، لەگەڵ ئاڵوگــۆڕی ژینگەپارێزی لە ئێران و هەروەها لەناو هەرێمی کوردیدا «وەک بزووتنەوەیەک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی» و بە لەبەرچاوگرتنی دۆخــی هەنووکەییی (تــەواو بەتەناهیبوو) بــۆ ژینگەپارێــزی، ڕوونە کە ئــەم جۆرە لە چالاکیــی مەدەنی بووە بــە بوارێک کە بە

پێوەندیی ئاڵۆزی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتدا دەناسرێتەوە.

ژینگەپارێزی، لە خوارەوە ونهێزی (potential)ی پەلهاویشتن بۆ ئەوپەڕی ئەو سنوورانەی کە خاتەمی دیبوونیەوەی لە خۆی پیشان دا و کەوابوو ئاڵوگۆڕی «ژینگەپارێزیی سیاسی» لە لایەن هێندێک لە بەرپرسانی حکوومەتەوە کە وەک ڕووکەشێک بۆ ناسیۆنالیزمی سیاسی و سێکۆلار دەیبینن، بە پارێزەوە چاوەدێری دەکرێت. پێوانێکی(survey) ژینگەپارێزی لە ئێران ئاشکرای دەکات کە ئەم بوارگەیە کەمتر خوێندراوەتەوە، زانیاریی هەنووکەییی لاوازە و سەرنجی توێژینەوەی هەنووکەیی لەسەر هەرێمە ناوەندییەکانی ئێرانە، لە کاتێکدا هەرێمە پەراوێزەکانی وڵات کەمتر خوێندراوەتەوە یان بەگشتی نەخوێندراونەتەوە. [ئەگەرچی] ژینگەپارێزی لە ئێران لە پرسی جۆراوجۆر خەساری بەردەکەوێت، هێشتایش بەتەناهیبوونەکەی سەرەکیترین ئاریشەیەتی و کەوابوو سەرەکیترین خاڵی سەرنجی ئەم خوێندنەوەیە دەبێت.

لەچاوی بژاردەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا، چالاکیی ژینگەیی ئۆتۆریتەی ڕێژیم ناهێڵێت و کەوابوو وەک «هەڕەشەیەکی ناوخۆیی» یان «هەڕەشەیەک لە خوارەوە» مامەڵەی لەگەڵ کراوە. ڕێبازی تەناهییانەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ پرسی ژینگەپارێزی بووەبەهۆی سنووردارکردنی بەربڵاوی چالاکیی تاقمە ژینگەیییەکان و بەزاندنی مافە مرۆییەکانیان. ژمارەی زۆری تیۆری گوماناویی ژینگەپارێزەکان پیشانی دەدات کە ئەوان لە ئێراندا لە دۆخێکی ئاستەمی بەتەناهیبوودا هەڵدەسوورێن. مەرگی گوماناویی پرۆفسۆر کاوس سەید ئیمامی (هاودامەزرێنەری ڕێکخراوی ناحکوومیی ژینگەپارێزی، ناوەندی میراتی ژیانی وەحشی(wildlife)پارسی) لە بەندیخانەی ئێڤیندا و کەوتنە خوارەوەی فرۆکە و کوژرانی ١٦ ژینگەپارێز لە فێوریەی ٢٠١٧ دا کە لە تارانەوە بۆ یاسووج (ناوەندی پارێزگای کوهکیلوویە و بوویرئەحمەد) دەڕۆیشت و لە هەردوو بابەتەکەدا بەرپرسانی ئێرانی بە دەست تێدابوون تاوانبار کراون، وێنەی ئەو چارەنووسەیە کە ژینگەپارێزە ئێرانییەکان ڕەنگە بەرەورووی ببنەوە.

بەرپرسانی ئێرانی و دامەزراوە دادوەری و تەناهییەکان، بڕیاری قورسی بەندکردن و تەنانەت لەناوبردنی (execution) ژینگەپارێزەکان، بەوە پاساو دەدەن کە سزای سیخوڕی و چالاکیی دژی ڕێژیمیان وەرگرتووە. بۆ وێنە، وەک لە لایەن جەعفەریی دەوڵەتئابادی سکاڵاکاری گشتیی تارانەوە ڕاگەیەندراوە «هێندێک ژینگەپارێز زانیارییان لەسەر بوارگە ستراتێژیکەکانی وڵات لەژێر دەمامکی بەڕێوەبردنی پرۆژەی زانستی و ژینگەپارێزیدا کۆکردووەتەوە». لە بابەتی سەیدئیمامیدا، هەواڵدەریی تەسنیم نیووز، کە سیاسەتەکانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ڕادەگەیەنێت، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئیمامی بە بیانووی «چاوەدێریی پەرەسەندنی ژینگەیی» کامێرای دامەزراندووە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر پرۆژەی مووشەکیی سپای پاسداران و چالاکییە ناوکییەکانی ئێرانی گەیاندووە بە سێرڤیسە هەواڵگرییەکانی بێگانەکان. تەسنیم نیووز بانگەشەی ئەوەی کرد کە چالاکە ژینگەیییەکان بە کەڵکوەرگرتن لەبیری شوێندۆز (geospatial intelligence) توانیویانە وێنە (sample) لە خۆڵ هەڵبگرنەوە و ئەو زانیاریگەلە کۆ بکەنەوە کە تێکنۆلۆژییە چاوەدێرییەکانی بێگانە نەیانتوانیوە کۆی بکەنەوە.

ئەگەرچی لە ئێران بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی پرسێکی هەموو وڵاتە، بەو هۆیەوە کە ڕوانینی ڕێژیم بۆ کۆمەڵە جیاوازەکان لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر

دەگۆڕدرێت، ڕادەی ئــەم بەتەناهیکردنەیش بەســتراوەتەوە بــە جێــگای(location) جیۆگرافیــی ئــەم چالاکیگەلــەوە. لــەو بوارگەگەلــەی کــە ئاکنجییانــی ســەر بە کۆمەڵگاکانی نەتــەوەی فارس یان ئایینزای شــیعە نین، وەک کوردســتان، سیســتان و بەلووچســتان و خووزســتان کــە ڕێژیم لــە پێشــترەوە مامەڵەیەکــی تەناهییانەی هەبــووە لەگەڵیان، ئەزمــوون و ئاکامەکانی بەتەناهیکردنــی ژینگەپارێــزی بە تەواوەتی جیــاوازن و ژمارەی ژینگەپارێــزە بەندکراو، لەناوبراو و تیرۆرکراوەکان زۆر زۆرترن لەوەی بــۆ وێنە لە تاران یان ئیســفەهاندا هەیە. بە قسەی عەزەم بەهرامی، چالاکێکی ژینگەیی، ئەگەرچــی پارێزگاکانی وەک کوردســتان، ئازەربایجــان، سیســتان و بەلووچســتان و خووزستان بە زۆری لە پرسە ژینگەییەکان خەســار دەبینن، ڕێبازی تەناهییانەی ڕێژیم بــۆ چالاکیــی تاقمــە ژینگەپارێزییــەکان لەم پارێزگاگەلــەدا بەمانای ئــازاری زۆری ژینگەپارێزەکان بووە. دوایین تۆمارکردنەکان ئاشــکرای دەکەن کــە حکوومەتــی ئێران لەگەڵ چالاکانی ژینگەپارێز لە خووزستان و کوردستاندا وەک تاوانبارێک مامەڵەی کردووە کە چالاکییەکانیان هەڕەشــەیە بۆ تەناهیی دەوڵــەت و لە ئاکامدا ڕێوشــوێنە توندوتۆڵە تەناهییــەکان پەرەیان پــێ دراوە. ئاماژەی ئــەم بەتەناهیکردنە لە ڕێگــەی جیاوازەوە نێردراوە بۆ تاقمە مەبەســتەکان. ســەرەڕای دامەزراوە تەناهــی و دادوەرییەکان، وێنەی بەناو «تاقمە نەناســراوەکانیش»، هەیەکە لە دەربڕینی تەناهییانەی هاوشێوەی حکوومەت کەڵکیــان وەرگرتــووە، [و] ڕێگرییــان لــە چالاکانی ژینگەیی هەرێمە بەتەناهیبووەکان کردووە. بۆ وێنە، نامەیەکی ئاوەڵا لەژێر ناوی «کۆمەڵێک لە چالاکانی بواری ئاوەدانکردنەوە» (جمعــی از فعــالان عرصە ســازندگی) کە ئەنجومەنێکــی چالاکی لایەنگری ڕێژیمە لە بواری پەرەســەندندا، دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لە بەرنامەی شاردراوەی تاقمە ژینگەییەکان ئاگادار کــردەوە و بەتایبەتــی ئاماژەی کرد بــە چالاکانــی ژینگەیــی لە خووزســتان، پارێزگایەکی عەرەب لە باشــووری ئێراندا و دژایەتییەکانیان لەگەڵ گواســتنەوەی ئاوی ڕووباری کاروون بۆ ناوەندی ئێران. ئەم تاقمە کە خۆی بە لایەنگری پەرەسەندن ناساندووە، چالاکانــی ژینگەیی بەوە تاوانبــار کرد کە گەمەیەکی مەترســیدار دەکەن، بانگەشەی ئــەوەی دەکرد کــە تاقمــە ژینگەییەکان لەژێــر ناوی پرســی وەک «ئــاو»دا تێکەڵی دابەشــکاریی ئێتنیکی دەبن. ئــەم ڕووداوە ڕێبازی تەناهییانەی لەبەرگیراو و بەکردەییی بژاردەکانــی ڕێژیم لە پێوەنــدی لەگەڵ ئەو ناڕازیبوونە ژینگەییگەلەدا دەردەخات کە لە هەرێمگەلی وەک کوردســتان و خووزستاندا ڕوو دەدەن.

ســپای پاســدارانی شۆڕشــی ئیسلامی بە هــۆی تێکەڵەیەک لە هــۆکاری ئابووری و تەناهی، زۆرتر لە هەمــوو دامەزراوەیەکی تر، لە پشــتی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە ناوچــە پارێزراوەکان لە ئێرانــدا بووە. بۆ چەنــد دەیــە، ژێر-دامەزراوەکانــی (sub-institutions) سپای پاسداران وەک پێگەکانی ئاوەدانکردنەوە/پەرەسەندنی خاتەمولئەنبیا و حەمزەی سەیدولشوهەدا، ڕۆڵێکی دێوودرنج ئاسا و جێگای ڕەخنەیان لە ئابووریی ئێراندا نواندووە، کە بووە بە هۆی گەندەڵیی بەربڵاو و پرۆژەگەلی ئاوەدانکردنەوەی پێوەرخوار( low-standard ) و تێپەڕ، هەروەها بەتەناهیکردنی قووڵی هەمووجــۆرە چالاکییەکی ژینگەیی. ئیتلاعاتی ســوپا وەک سێرڤیسی سیخوڕیی سپای پاسداران لە پشتی دەستبەسەرکردن و بەندکردنی بەلێشاوی چالاکانی ژینگەییەوە بووە. لەم دواییانەدا، بەرنامەی مووشــەکیی سپای پاســداران، هەڵکەوتوو لە بوارگەکانی بەناو پارێزراوی سروشتی (nature reserves )

بووە بە هۆی نارازیبوونی چالاکانی ژینگەیی. سپای پاسداران بە دەستبەسەرکردنی ژینگەپارێزەکان و تۆمەتبارکردنیان بە سیخوڕی بۆ ئامریکا، ئیسراییل و عەرەبستانی سعوودی، کاردانەوەی نیشان دا. ڕەخنەگرتن لە بەرنامەی مووشەکیی سپای پاسداران لە سەرەکیترین هۆکارەکانی تاوانبارکردنی ژینگەپارێزەکانە بە سیخوڕی کردن. هەواڵدەریی کەلیمە کە سەر بە چاکسازیخوازەکانە، بانگەشەی ئەوەی کرد کە چالاکە ژینگەییەکانی دژبەری دامەزراندنی بنکە مووشەکییەکانی سپای پاسداران لە عەردە پارێزراوەکاندا، هۆکاری سەرەکیی لەپشتی ئەم بانگەشەوەیە. سپای پاسداران و دامەزراوە تەناهییەکانی تری ڕێژیم بەکردەوە بەرپرسی هەموو ئەو بابەتگەلەن کە وادەزانرێت پێوەندیدارن بە تەناهیی نەتەوەییەوە. بەگوێرەی وتەکانی چوودنۆفسکی(chudnovesky) لە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٧ دا بەشی ژینگە ڕاسپێردرابوو هەوڵەکانی ڕابگرێت کە دەیویست بیسەلمێنێت کە ژینگەپارێزەکان هیچ کارێکی هەڵەیان نەکردووە. ئاگادارکردنەوە لە دژی دەستتێوەردان لە بابەتە دادوەرییەکاندا بۆ عیسا کەلانتەری، سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە، نێردراوە.

## چوارچێوەی تیۆری

لەباری تیۆرییەوە، ئەم خوێندنەوەیە بە تێگەیشتنی(conceptuaisation) قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ چەمکی تەناهی کار دەکات، چوارچێوەیەک کە هەردوو بابەتی تەناهیی دەوڵەتی و پرسەکانی تەناهیی نانەریتی بەسەر یەکەوەلەبەرچاو دەگرێت. لێکۆڵەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، سەرەڕای دانپێدانان بە بەربڵاوبوونی چەمکی تەناهی، ئەم چەمکە وەک «پاشماوەی هەڕەشە هەبووەکان» دەستنیشان دەکەن و تێبینییەکانی قوتابخانەکە وەک جووڵەیەک دەبینن کە سیاسەت دەبات بۆ ئەولاتر لە قانوونە دانراوەکانی گەمەکەوە و وەک جۆرێکی تایبەت لە سیاسەت، یان وەک دیاردەیەک کە دەکەوێتە سەرتر لە سیاسەتەوە، بیچم بە بابەتەکە دەدات. وایڤێردەڵێت کە تەناهی ئاماژە بە بوونی دۆخێک دەدات کە بە بوونی پرسێکی تەناهییانە و لەلایەکی تریشەوە هێندێک ڕێوشوێنی لەپێشگیراو لە وڵامی ئەو پرسەدا دیاری دەکرێت. بەپێی نەریت، لەگەڵ داواکاریی تەناهیدا، نوێنەرێکی دەوڵەتی، ڕەوشی بەپەلە ڕادەگەیەنێت، بەم شێوەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە مافی هەیە هەرجۆرە شتێک پێویست بێت بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنێکی مەترسیدار بەکار بهێنێت. بوونی وەها تێگەیشتنێک (perception) (هەبوونی هەڕەشە)، دەبێت بە هۆی «بەتەناهیکردنی» بابەتێک، کە جۆرێکی توندوتیژترە لە بەسیاسیکردنی ئەو بابەتە. بە وتەیەکی تر، «بەتەناهیکردن» ڕوانگەی توندوتۆڵی حکوومەتەکان و دامەزراوە تەناهییەکانیانە لە پێوەندی لەگەڵ بابەتێکدا کە وەک هەڕەشەی تەناهییانە ناسێندراوە.

قوتابخانەی کۆپنهاگن ڕێبازێکی فرەبەشی بۆ [بابەتی] تەناهی گرتووەتە بەر، پێنج دەستەی گشتیی تەناهی جیا دەکاتەوە کە بریتین لە نیزامی، ژینگەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی. جووڵەی(dynamics) هەریەک لەم دەستەگەلە بە بکەرە تەناهییەکان (securitizing actors) و بابەتگەلی سەرچاوەدا (reference objects) دیاری دەکرێت. لەباری تیۆرییەوە، هەموو بابەتێکی گشتی دەکرێت لە ڕیزێکدا لە بەسیاسینەبووەوە تا بەسیاسیبوو و بەتەناهیبوو پلەبەندی بکرێت. بۆ وێنە، لە دەوڵەتگەلی وەک بوورما، عەرەبستانی سعوودی و یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا، فەرهەنگ یان دین (یان هەردووی ئەوانە)

بەتەناهی بووە، لەکاتێکدا، لە کۆمەڵگا لیبراڵ دیموکراتەکان وەک بریتانیا و هۆڵەنددا هیچکام لەمانە بەتەناهی نەبوون. ئێران لەناو ئەو وڵاتانەدایە کە دین و فەرهەنگ تێیدا بەتەناهی کراوە.

قوتابخانەی کۆپنهاگن کە لەنێوان دەستەگەلی خوێندنەوەکانی تەناهیدا دەناسرێتەوە، بەشێک لە سەرنجی دەخاتە سەر ژینگەپارێزی و ئەو هۆکارگەلە سەرەکییانەی کە ڕەنگە ببن بە هۆی بەتەناهیکردنی ئەم بوارگەیە. قوتابخانەی کۆپنهاگن[پرسی] تەناهی بەگوێرەی دوانەیەک لە تەناهیی دەوڵەتی و تەناهیی کۆمەڵایەتی بەچەمک دەکات (دادەڕێژێت)؛ لەکاتێکدا تەناهیی دەوڵەتی، حاکمییەت وەک پێوەری کۆتایی دەبینێت، بۆ تەناهیی کۆمەڵایەتی، شوناسبایەخی ناوەندی(سەرەکی) ئەژمار دەکرێت، ئەگەرچی بۆ هەردویان «مانەوە» (survival) ناوکی پێوەندییەکەیانە لەگەڵ پرسی تەناهی(security) و بەتەناهیکردنی(securitization) بابەتەکاندا. بەگوێرەی بانگەشەی وایڤەر، دەوڵەتێک کە حاکمییەتی ون دەبێت، ئیتر وەک دەوڵەتێک نامێنێتەوە و کۆمەڵگایەکیش کە شوناسی ون دەکات، ترسی ئەوەی هەیە کە ئیتر ناتوانێت وەک خۆی درێژە بە ژیانی بدات. سۆرووس (soroos) لەبەستێنی «ژینگەپارێزی» و «تەناهیی ژینگەیی»دا، باس لەوە دەکات کە ژینگەپارێزەکان تەناهیی ژینگەییان بۆ بەتەناهیکردنی پرسە ژینگەییەکان، بۆ کردنیان بە بابەتی سیاسەتی سەروو کە وڵامی نائاسایی لە حکوومەتەوە بە قەوارە و خێراییی یەکسان بە هەڕەشە تەناهییە باوترەکان بدرێتەوە، بەکار بردووە. ژینگەپارێزەکان وەک ئاوەزی سیاسی و بابەتی تەناهیی ژینگەیی، هەڵگەڕاونەتەوە بۆ لایەنە تەناهییەکانی ژینگە، بۆ ڕوونکردنەوەی تێچووەکانی دەرفەتی خەرجییەکانی بەرگریکردن و کاریگەرییە ژینگەییەکانی چالاکییە نیزامییەکان.

جێبەجێکردنی پرۆژەگەلی پەرەسەندن لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە کە گرانییەکەی دەکەوێتە سەر ژینگەی کوردستان، بابەتی ڕەخنەی ژینگەپارێزانی کورد بووە. ژینگەپارێزە کوردەکان بە ئاماژەکردن بە هێندێک چالاکیی تایبەتی دەوڵەت (وەک دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاو)، باس لەوە دەکەن کە لە لایەکەوە ئەم چالاکیگەلە ئاسەواری کاولکارانە لەسەر کۆژینگە (ecosystem) و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بەجێدەهێڵن و لە لایەکی ترەوە دەرهاویشتنی بە بێ ڕێوشوێن و قەرەبوونەکراوەی ئەم سەرچاوەگەلە، دەبێت بە هۆی پەرەسەندنێکی تێپەڕ (unsustainable development) و درێژەکێشانی [دۆخی] نەبوونی تەناهیی ئابووری لە هەرێمێکدا کە لە پێشترەوە بە هۆی پەرەسەندنەوە خەساری بەرکەوتووە. باسوخواسی ئەوتۆ ڕێبازگەلی دژ بە یەکی پەرەسەندن و تەناهی زەق دەکاتەوە.

خوێندنەوەی ژینگەپارێزیی کوردی دوو وێژمانی کێبڕکێکارانە بۆ [پرسی] پەرەسەندن و تەناهی دەردەخات: ڕێبازی دەوڵەت- تەوەر(state-centric) لەبەرانبەر ڕێبازگەلە کۆمەڵایەتییەکاندا. ڕێبازی یەکەم و زاڵ، لە لایەن حکوومەتەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و ڕێبازی دووهەم، کە بە قورسیش پەراوێز خراوە و بەتەناهی کراوە، لە لایەن ئەنجومەنە ژینگەییە کوردییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. بوونی ڕێبازگەلی کێبڕکێکارانەی ئەوتۆ بووە بە هۆی خولقاندنی بوار بۆ بەریەککەوتن. لە ڕێبازی دەوڵەت- تەوەردا، تەناهیی دەوڵەت و یەکپارچەییی عەرد (territorial integrity) جێی سەرنجی سەرەکییە. لە ڕوانینی حکوومەتی ئێرانەوە، چالاکیی ژینگەپارێزە کوردەکان وەک لایەنی

نانیزامیی [پرســی] تەناهی دەبینەرێت، کە هێشــتا ونهێزی ئەوەی هەیە کە خەسار لە ئۆتۆریتەی ڕێژیــم یان حاکمییەتی دەوڵەت بــدات. لەڕێبــازی کۆمەڵایەتیــدا، تەناهیی کۆمەڵایەتی بایەخــی ناوەندییە و کاریگەرە لەسەر چالاکییەکان. ژینگەپارێزە کوردەکان هان دەدات کە لە تێکۆشــانیاندا سروشــتی کوردســتان وەک ســەرچاوەیەکی گرینگی ژیــان و بیچمێکــی پڕبایەخــی شوناســی کوردی بپارێزن. لەســەر بنەما تیۆرییەکانی وایڤێــر دەکرێت وەها تێبگەین کە ڕێکخراوە ناحکوومییــە ژینگەییــە کوردییەکان، وەک دەنگی کۆمەڵایەتی، خۆیان وەک بەرگریکارانی شوناســخوازیی ڕاگەیێندراوی (proclaimed identity) تایبــەت دادەمەزرێنن، لە کاتێکدا دەوڵەت ئەجێندای جیاوازی بەرگریکردن لە حاکمییەتەکەی دەگرێتە بەر. لەکاتێکدا کە ژینگەپارێزە کــوردەکان لە ڕێگای چالاکییە ئاشــتیخوازانەکانەوە ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ڕێبــازی دەوڵــەت- تــەوەردا ڕادەگەیەنن، دەوڵــەت وەک ســەرچاوەی هەڕەشــە بۆ ئابــووری، ئۆتۆریتــە و حاکمییەتەکــەی، مامەڵەی لەگەڵ ئەم چالاکیگەلەدا کردووە.

ژینگەپارێــزە کــوردەکان، پێوەندییــە ئابــووری، کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگییەکانی نێوان هەرێمە فارس و نافارســەکانی ئێران وەک پێوەندیــی ناوەند-پەراوێــز دەبینــن؛ چالاکییــە ســەرەکییە بەرهەمهێنەرانــە، ئابــووری و پیشەســازییەکانی ئێــران لــە شــارگەلی وەک تاران، ئیسفەهان و شیرازدا هەڵکەوتوون و هەرێمگەلی وەک کوردستان، خووزســتان و سیســتان و بەلووچستان، بە هۆی پەرەنەسەندوویی بەربڵاو و بێبەشکران لە پێڤاژۆی دروســتکردنی بڕیار، خەساریان بەردەکەوێت. ئارام فەتحی لە وتارێکدا بەناوی «تاران، تــاران»، ئاماژە بــە بەناوەندیکردنی بەربڵاوی دەســەڵات لە ئێــران دەکات، کە پێگە ســەرەکییەکانی دەسەڵات لە ناوەنددا هەڵکەوتــوون، [و] لە لایــەن تاکە فارس و شیعەکانەوە پڕ کراونەتەوە، لەکاتێکدا ئەوانی تر (کۆمەڵە پەراوێزە نافارس و ناشــیعەکان) لە دەستراگەیشــتن بە مافــی وەک یەکی شارۆمەندی و دەرکردنی بڕیار بێبەش کراون.

لەکاتێکدا بۆ حکوومەت پەرەســەندنە بەردەوامە خۆبانگەشــەبۆکردووەکەی (self-asserted) هاوتایــە لەگــەڵ توانای ئەودا بۆ دابینکردنــی چالاکییە پیشەســازییەکان لە ناوەندا لەڕێگای سەرچاوەکانەوە (ئاو، نەوت، دار و. . هتد)، بــۆ ژینگەپارێزە کوردەکان و کۆمەڵگاکەیان، بەردەوامبوون[ی پەرەسەندن] بە مانای بەشــێکی وەک یەکە لە دەسەڵات و ساماندا. ڕێبازی دەوڵەت تەوەر بۆ [پرسی] پەرەســەندن لە ئێراندا بە پرۆژەگەلی وەک پرۆژەی گواســتنەوەی ئاوی سەرتاســەریی ئێرانداڕوون دەبێتەوە. بەو هۆیەوە کە بەشــە ناوەندییەکانی ئێــران (کە هەرووەها لە باری ئابوورییەوە لە پێشکەوتووترین هەرێمەکانی وڵاتــن) تووشــی گرفتــی وشکەســاڵی و کەمئاوین، حکوومەت کــە خەمی مانەوەی چالاکییەکان لــە ناوەندای هەیە، خەریکی گواســتنەوەی ئاو، بەزۆری لە سەرچاوەکانی ئاوی کوردســتانەوەیە بۆ ئەم هەرێمگەلە. بە هەرجۆرێــک بێت، هەروەکــوو ژینگەپارێزە کــوردەکان ئاماژەیــان پێ کــرد، ڕێبازێکی ئەوتۆی پەرەســەندن تێپــەڕە و دەبێت بە هۆی دابەشکردنەوەی ناهاوچەشنی سامان و سەرکەوتن و درێژەکێشانی پەرەنەسەندوویی بــە ڕادەی پێویســت و تێکدانــی ژینگە لە کوردســتان. چونکــە ئەم گواســتنەوەیە بۆ ســاڵانێک درێژەی بووە، جیا لە هەڵێنجانی قەرەبوونەکــراوەی ســەرچاوە ئاوییــەکان، هەروەها بووە بە هۆی کاولکاریی ژینگەیی لە هەرێمە پەراوێزەکاندا.

## تایبەتمەندی و سەرچاوەکانی داتا

لە هەمووی ئەم نووســراوەیەدا، چەمکگەلی

وەک کوردستان و ژینگەپارێزە کوردەکان، بە دیاریکراوی هەڵدەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەک بەشەکانی تری کوردستانی گەورە لە تورکیە، عێراق و سووریە. بەگشتی، سەرچاوە ئانلاینەکان (وەک مانگنامەی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگیی چیا) سەرچاوەی داتای سەرەتاییی بەکارهاتوو لە ئەم خوێندنەوەیەدایە. ئەم سەرچاوەگەلە، زانیاری لەسەر ئاڵوگۆڕی ژینگەپارێزیی کوردی، وێژمانی ژینگەیی و چالاکیی چالاکانی ژینگەیی لەخۆ دەگرێت. لە ئەم خوێندنەوەیەدا، ڕوون کراوەتەوە کە هەموو شارێکی کوردستان کۆمەڵگای ژینگەییی خۆی هەیە و نرخێک کە ژینگەپارێزە کوردەکان وەک ئاکامی بەتەناهیبوونی چالاکییەکانیان داویانە، لە هەموو کوردستان تاقی کراوەتەوە. لەم وتارەدا، ژینگەپارێزی لە شاری کوردیی مەریوان زەق کراوەتەوە. ئەم هەڵبژاردنە بەم هۆیەوە بووە کە، یەکەم، بابەتە بڵاوکراوەکانی مانگنامەی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگیی چیا کە سەر بە ڕێکخراوی ناحکوومیی ئەنجومەنی سەوزی چیا لە شاری مەریوانە بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئانلاین لەبەردەست بووە؛ دووهەم، سەرەڕای بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستان، چیا لە مەریواندا سەرنجێکی سەرتاسەریی ڕاکێشاوە بۆلای خۆی؛ سێهەم، لەگەڵ هەڵبژاردنی چیای مەریوان بەو دوو هۆیە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، سنووورداربوونی بواری ئەم خوێندەوەیەیش پێویستی بە هێندێک سەرنج هەبووە. هەروەها ئەوە لە ژمارەیەک لێدوانی جۆراوجۆری بەرپرسە دەوڵەتییەکاندا لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئامانجیان ئەوەیە کە ڕێبازی تەناهییانەی حکوومەت لە ڕێگای لێدوانەکانیانەوە بناسێنن. لە خوارەوە ڕووناکی دەخرێتە سەر وێژمانی ژینگەپارێزی و ئاریشەکانی، و هۆکارەکانی بەتەناهیبوونی لە کوردستان.

## وێژمانی چیا

وشەی کوردیی چیا، ناوی ئەنجومەنی ژینگەییی کوردی، ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان و بڵاڤۆکی مانگانەی ئەم ئەنجومەنەیە. ڕێکخراو ناحکوومیی چیا لە هاوینی ١٩٩٩، بەدوای ئاگرکەوتنەوە بەربڵاوەکان لە نزیکیی نێ و چەمکەرە(دوو گوندی مەریوان و سنە) دا، دامەزرا. بەبۆچوونی عیرفان حسەینی، سەرۆکی بەڕێوەبەری چیا؛ خۆشەویستی بۆ خاکی نیشتمان سەرەکیترین پاڵنەر بووە بۆ دامەزراندنی چیا.

زۆربەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، لەناویاندا ڕێکخراوە ناحکوومی و ئەنجومەنە ژینگەیییەکان لە کوردستان، ڕێبازێکی سێکۆلار بۆ کۆمەڵگا دەگرنەبەر. چالاکیی ئەوان بریتی بووە لە ڕووناکی خستنەسەر توندوتیژیی ناوخۆیی و توندوتیژیی گشتی بەدژی ژنان، ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی دەوڵەت بۆ [پرسی] هاوسەرگیریی منداڵان و بەشوودانی کچان منداڵ، دەستنیشانکردنی هەلومەرجی لاوازی خوێندنگا و دامەزراوە پەروەردەیییەکان لە کوردستان و ڕێکخستنی هەرەوەز (کەمپەین) بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی دایک لە خوێندنگاکانی ئێراندا هەبێت، و بەتەنیا هەر زمانی فارسی نەبێت. ئەوان هەروەها فێرکاریی خۆرسکی کۆمەڵگا (community-based teaching) بۆ زمانی کوردییان پێشنیار کردووە. چیا لە دەستنیشانکردن و مەحکوومکردنی سیاسەتە ژینگەیییە کاولکارانەکانی ڕێژیم، بێبەشکردنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش لە کوردستاندا لە ڕێگای ئازاری کۆڵبەرەکان و کوشتنی بەسەدانی ئەوان لە هەموو ساڵێکدا لە لایەن هێزە تەناهییەکانی ڕێژیمەوە، ڕەنگی داوەتەوە. لە هەر ژمارەیەکی [مانگنامەی]

چیادا، لەژێرناوی کۆڵبەرنامە، بەشێکی بلاڤۆکەکە تەرخان کراوە بۆ نووسین لەسەر هۆکارەکانی تاوانبارکردن، ئازاردان و کوشتنی کۆڵبەر. چیا بەو ئاکامە دەگات کە کۆڵبەری و ئاکامە پێوەندیدارەکانی، بەرهەمی واقیعی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کوردستان و هەروەها بەنیزامیکردنی (میلیتاریزەکردن) هەرێمەکە و حاشاکردنی بەئەنقەست لە مافەکانی کوردە. جیاوازبوونی شوناسی نەتەوەیی، فەرهەنگ، سروشت و زمانی کوردی، ئەو بابەتگەلەی ترن کە بە بەردەوامی لە چیادا ڕەنگ دەدەنەوە. بۆ وێنە، حامید کۆنەپۆشی بە ڕوونی لەسەر ئەوە دەنووسێت کە چۆن دەکرێت پێڤاژۆی نەتەوەسازیی کوردی بەهێز و خێرا بکرێت. چیا لە نووسراوەی جۆراوجۆر لەسەر «پەروەردەی چەندزمانە، زمانی دایک و گرینگییەکەی»، بە تیشک خستنەسەر سەرکەوتووبوونی جێبەجێکردنی پەروەردەی چەندزمانە لە وڵاتە جۆراوجۆرە فرەئێتنیکەکاندا، حکوومەت هان دەدات کە پەروەردەیەکی چەندزمانە لە ئێراندا جێبەجێ بکات. ڕەخنەی ویژمانی چیا لە سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دەوڵەت و ڕۆڵی دەوڵەت لە تێکدانی ژینگەدا لەوە تێدەپەڕێت کە ڕەنگە کەسێک لە ڕێکخراوەیەکی ناحکوومی لە کۆمەڵگایەکی بەتەناهیبووی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چاوەڕوان بکات. بۆ وێنە، چیا تیشک دەخاتە سەر گرێدراویی (link) نێوان بانگەشەی کەمینەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە مافی وەک یەکی شارۆمەندی و بەتەناهیکردنی عەرد لە لایەن حکوومەتەوە؛ ئاستەنگ دەخاتە بەردەم تێگەیشتنی دەوڵەت لە «تەناهی» و باس لە پێویستیی دووبارە بیرکردنەوە لە ڕێبازەکەی دەکات، ڕەخنە لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەگرێت؛ و تیشک دەخاتە سەر پێوەندیی نایەکسانی ناوەند-پەراوێز و سیاسەتی بژاردەخوازانەی دەوڵەت سەرکۆنە دەکات. ئەمانە ئەو سەردێڕگەلەن کە زۆرجار لە چیادا ڕەنگ دەدەنەوە.

## ژینگەپارێزی لە کوردستان

زەوی (terrain) و دارستانی کوردستان لە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەدا، سەرەکیترین قوربانییەکانی چالاکییە نیزامی و ئابوورییەکانی ئەم دەوڵەتگەلە بووگن. ئاگرکەوتنەوە، بڕینەوەی دار، ڕاهێنانە نیزامییەکان، شەڕی مەدەنی، بەکارهێنانی چەکی بیۆلۆژیک، کاولکردنی گوندەکان و کشتوکاڵ و دروستکردنی بەبێ ڕێوشوێنی بەنداوەکان و گواستنەوەی دەوڵەتیی ئاو، وێنەی ئەو چالاکیگەلەن کە بوون بە هۆی تێکدانی بەربڵاوی ژینگە لە بەشە جیاکانی کوردستاندا. سەرەڕای تێکدانی بەربڵاوی ژینگە لە کوردستان، هەروەها ژینگە و ژینگەپارێزی لە کوردستان بە هۆی پشتگوێ خستنەوە تووشی خەسار بووە و نەخوێندراوەتەوە. لەنێوان لێکۆڵەرە دەگمەنەکانی ئەم بوارگەیەدا، دەکرێت ئاماژە بکرێت بە مەحمەت گوورسەس و وتارەکەی «پاشهاتە ژینگەییەکانی شەڕی مەدەنی لە تورکیە»، کە تیشک دەخاتە سەر تێکدانی بەربڵاوی ژینگە لە کوردستان. بەوجۆرەی کە لە خوێندنەوەکانی گورسەسدا دیاری کراوە، کاولکاریی گشتگیری ژینگەی کوردستان بەم هۆیەوە ڕوو دەدا کە هێزە دەوڵەتییەکان، وەک بەشێک لە ڕێوشوێنەکانی دژەسەرهەڵدان (counterinsurgency)، بە ئەنقەست ئەو ژینگەیە دەگۆڕن کە شۆڕشگێڕەکان تێیدا هەڵدەسووڕێن، بۆئەوەی توانای شەڕ کردنیان نەهێڵن. ڕێوشوێنە دژەسەرهەڵدانەکانی دەوڵەت بۆ گۆڕینی ژینگە بۆ نەهێشتنی توانای ڕێکخستنی شەڕ لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە، ژینگە لەڕێگای مێکانیزمە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانەوە کاول دەکات.

بەهــۆی بزووتنەوەی کوردی لە بەشــە جیاکانی کوردستاندا، بەدرێژەی سەدەیەک و دژکردەوە توندوتیژەکانی دەوڵەت نەتەوەوە، ســڕینەوەی دارســتان و تێکدانــی ژینگە لــە کوردســتاندا دەکرێــت وەک بەرهەمی بەرنامــەی پەرەســەندنی ئابووریی دەوڵەت بــاس بکرێت، نە وەک ئاکامــی دەوڵەتێکی لاواز کــە نەیتوانیبێــت ئۆتۆریتەی خۆی لە بەشە دوورەکانی وڵاتدا بســەپێنێت. بەڵام، لەجیاتی ئەوە، گورســەس باس لەوە دەکات کە «ئەمە ئاکامی ڕاســتەوخۆی سیاســەتە بەئەنقەســتەکانی دەوڵەتــە بــۆ لاوازکردنی توانــای کردەوەی بەرهەڵســتکاران. لە وەها ڕوانینێکدا، ســڕینەوەی دارســتان دەکرێت وەک بەشێک لە تاکتیکە بەسەریەکەوەکانی دژەبەرهەڵستکاری لەبەرچاو بگیرێت، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە لایەن دەوڵەتەوە و بەئامانجــی لاوازکردنــی توانای کردەوەی بەرهەڵســتکارەکان جێبەجــێ دەکرێت. بۆ وێنە، لە بابەتی بزووتنەوەی کورد لە تورکیەدا، وەک بەشێک لە هەرەوەزی بەسەریەکەوەی دژەبەرهەڵستکاری لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk)، هێزە نیزامییەکانی تورکیە هەوڵێکی سیســتماتیکیان دا بۆ سووتاندنی دارســتان و کاولکردنــی بیچمەکانــی تری ژیان لە هەرێمەکەدا. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ســەرەڕای بزووتنەوەی کــوردی بەدرێژەی ســەدەیەک لە ئەم بەشەدا، تا ئێستا بەزۆری نەخوێندراوەتــەوە و ژینگەپارێزییەکــەی، سەرەڕای چەندین دەیە شەڕی ژینگەپارێزانە بۆ پاراســتنی ژینگەی سروشتیی کوردستان و نرخێکــی زۆر کــە لە پێناویــدا داویەتی، بەتەواوەتی بوارێکی نەخوێندراوەیە. بە هۆی چالاکیی مرۆڤییەوە، چەندوچۆنی نشینگەی (habitat) سروشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لــە مــاوەی دەیەکانــی دواییدا بــە زۆری تێکدراوە.

دەبێت دان بــەوەدا بنرێت کە تێکدانی ژینگە، بەتایبەتی لە ساڵانی دواییدا، بووە بە پرســێکی جیهانی و خەسارەکانی شەڕ یان ناکۆکیی ناوخۆیی لەسەر ژینگەی سروشتی ســنووردار نییە بــە بابەتی کوردســتانەوە. ڕۆڤێنــی و ئال و هێندریکس و گلاســێر لە ڕوانگەیەکی جیهانییەوە لەســەر گرێدراویی نێــوان ناکۆکــی (واتا شــەڕی مەدەنی یان شەڕی نێوان دەوڵەتەکان) و تێکدانی ژینگە خوێندەوەگەلێکیان کردووە. هێشتا لە کاتێکدا لە هەموو جیهان و بەتایبەتی لە ناو کۆمەڵگا لیبراڵ دێموکراتەکاندا، «ناســاندنی تێکدانی ژینگە وەک پرســێکی تەناهی بەشێوەیەکی ڕوولەگەشــە بــووە بــە بــاو [پرســێک بۆ حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان]»، لە بابەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مامەڵەکردن لەگــەڵ بابەتــە ژینگەییەکانــدا بــووە بە ئەرکێکــی براوە بۆ ژینگەپارێــزە کوردەکان. ئــەوان لە لایــەک ئاریشــە ژینگەییەکان و هــۆکارە ڕیشــەییەکانی ئەویــان دیاری کــردووە و لەلایەکی تــرەوە هەوڵیان داوە چارەســەرە بەردەوامەکان بخەنە بەردەست. جیا لە تێکدانی ژینگە لە کوردستان، بیچمی ســەرەکیی ئەم پەرەســەندنە نوێیە ئەوەیە کە ســەرەڕای بەڵێندەربوونــی ژینگەپارێزە کــوردەکان لەپێوەندی لەگەڵ چارەســەری ئەم بابەتگەلەدا، چالاکییەکانیان ڕووبەڕووی ڕێوشــوێنە تەناهییەکانی حکوومەتی ئێران بووەتەوە.

بەهەڵســەنگاندن لەگــەڵ هەرێمەکانی تــر لە ئێران، کوردســتان ژمارەیەکی زۆری بەندکران، تیرۆر و لەناوبردنی ژینگەپارێزانی هەیــە. ئەمەدەرخــەری هەلومەرجێکــی بەتەناهیبــووە کــە ژینگەپارێــزەکان تێیدا هەڵدەســوورێن. بەو هۆیــەوە کە کۆمەڵێک هۆکاری بەربڵاو بــۆ بەتەناهیکردنێکی ئەوتۆ هەیە، باوتریــن تاوانێک کە ژینگەپارێزەکان بــەرەوڕووی دەبنــەوە «هەوڵــدان بە دژی تەناهیــی نەتەوەیی»یــە. بۆ تێگەیشــتن لە

بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستان، دەبێت پێوەندیی لەمێژینەی بەنیزامیکراوی کورد-حکوومەت لە ئێران لەبەرچاو بگیردرێت، کە بەدرێژەی چەندین دەیە لە کاتی دامەزرانی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی مۆدێرن لەساڵی ١٩٢٥ ەوە بیچمی گرتووە. لەچاوی حکوومەتەوە، چالاکیی ژینگەیی لە لایەن ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هان دەدرێت، بۆیە هەڕەشە لە تەناهیی ڕێژیمی ئیسلامی دەکات؛ لە ئاکامدا، حکوومەت پێی وایە کە «وەها هەڕەشەیەک دەبێت ڕووبەڕووی وڵامی توند ببێتەوە.»

## هۆکارەکان بۆ ڕادەی بەتەناهیکردن

ناکۆکیی هەنووکەیی نێوان کورد و دەوڵەتی ئێرانی، دەکرێت هەڵبگەڕێتەوە بۆ حەوتووە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران، کاتێک پێوەندییەکانی کورد-دەوڵەت بە دوای لابردنی دەسەڵاتی پەهلەوی (١٩٢٥-١٩٧٩) و دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا دەڕۆیشتە ئاستێکی ترەوە. داخوازیی خودموختاری، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، لە چوارچێوەی حقووقی سیاسیی ئێرانێکی دێموکراتیکدا، بابەتی سەرەکیی ناکۆکیی کورد لە ساڵی ١٩٧٩وەیە. ئەمە بەتەواوەتی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕەتکراوەتەوە و چونکە هەموو جۆرە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆسەر تەناهیی نەتەوەییی ئێران چاوی لێ کراوە، لە مامەڵە لەگەڵ بەناو «هەڕەشەی کورد» دا، ڕێوشوێنی توندوتیژ گیراوەتە بەر. خوێندنەوەی ئەم دواییانەی کەمال سلێمانی و ئەحمەدموحەممەدپوور بۆ بەتەناهیکردنی بەربڵاوی هەرێمە کوردییەکان بە ڕوانینی قووڵەوە پەژراوەتە سەر ئەم پرسە. سلێمانی و ئەحمەدپوور، ڕێبازی تەواو تەناهییانەی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆمەڵی کوردەوارییان وەک بەتەناهیکردنی گشتیی ژیانی کورد لە ڕۆژهەڵات پێناسە (contextualised) کردووە، کە سنووردار نییە بە یەک یان دوو بەشی کۆمەڵگای کورد یان چالاکیی سیاسییەوە، بەڵکوو سیاسەتێکی گشتگیرە کە، بۆ وێنە، پەروەردە و بەشە فەرهەنگییەکان، شوێنە گشتییەکان، چالاکیی ئابووری و شتی زۆرتر لەخۆ دەگرێت. بەتەناهیکردنی چالاکیی ژینگەییی کوردی دەبێت لە بەستێنی ئاڵۆزییە لەمێژینەکانی نێوان کورد و دەوڵەت لە ئێراندا چاوی لێ بکرێت. بڕاردەکانی دەوڵەت، بەتێڕوانین لە چالاکیی ژینگەییی وەک «هەڕەشەیەک لەخوارەوە»، هەڵگەڕاونەتەوە بۆ ڕێوشوێنە نائاساییەکان بۆ سنووردارکردنی چالاکیی تاقمە ژینگەییەکان و وەک هەڕەشەیەکی دەرنەکەوتوو(potential) مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

قەوارەی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزیی کوردی مەترسیدارە. کوردستان وەک بەتەناهیکراوترین هەرێمی وڵات، ژمارەیەکی زۆری بەندکراو و لەناوبردنی چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنیی هەیە. «هەوڵدان بە دژی ڕێژیم»، «نەیاربوون لەگەڵ خودا» و «ئەندامەتی لە حیزبە دژبەرە سیاسییەکاندا»، تاوانە باوەکانن کە ژینگەڤانە کوردەکان ڕەنگە بەرەوڕوویان ببنەوە. بەبێ گرینگیدان بەو بوارگەگەلەی دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕێوشوێنی بەتەناهیکردنی ئەوتۆ، ئەم بانگەشەگەلە پاساون بۆ داپڵۆسینی ژینگەپارێزە کوردەکان و تەنانەت بەتەناهیکردنی کوردستانیش. بەرپرسە ئێرانییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژینگەپارێزەکان، لەژێر ناوی پرۆژەگەلی زانستی و ژینگەییدا، زانیاریی هەستیار لەسەر هەرێمە ستراتێژیکەکانی وڵات کۆدەکەنەوە. بۆ وێنە، حسەین خۆشئێقباڵ، جێگری پارێزگاری پارێزگای کوردستان، وتوویەتی کە ئەوان [ژینگەپارێزەکان]

ئەندامی تاقمە دژبەرەکانی حکوومەتن کە بە بیانووی ڕێکخراوی ژینگەیی بوون، چالاکیی خراپەکارانە دەکەن. ئاگری ئیسماعیلنژاد، ڕۆژنامەوان و شرۆڤەکار، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە هۆی ناوەرۆکی چالاکی و نرخێک کە ژینگەپارێزیی کوردی دەبێت لە ئێراندا بیدات، چالاکییەکانیان زۆرتر وەک «بەرخۆدانی مەدەنی بیچمی گرتووە، زیاتر لەوەی کردەوەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکییە پێوەندیدارەکانی چەمکگەلێکی(concept) ڕۆژئاوایین، کە لە لایەن دەوڵەتگەلی ئەم کۆمەڵگایانەوە برەویان پێ دەدرێت و دەپارێزرێن. بۆ وێنە، ئەگەر کەس و تاقمەکان کە بیچم بە بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی دەدەن، لە هەر قانوونێک لابدەن، کردەوەکانیان دەکرێت لە دادگایەکی مەدەنیدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەجیاتی ئەوەی وەک بابەتێکی تەناهی ببیندرێت کە پێویستیی بە ڕێوشوێنی نائاسایی هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجێک کە ژینگەپارێزە کوردەکان تێیدا هەڵدەسوورێن و ژمارەی زۆری بەندکراوان و مردنی چالاکان، دەردەکەوێت کە ئەوان نەتەنیا لە لایەن حکوومەتەوە ناپارێزرێن، بەڵکوو چالاکییەکانیشیان بەتەناهی کراوە و وەک بابەتی هەڕەشە لەسەر بوونی ڕێژیم و یەکپارچەیی عەردی دەوڵەت، چاوی لێ کراوە. بەم هۆیەوە من ئەم چالاکیگەلە بە بەرخۆدانی مەدەنی ناودێر دەکەم زیاتر لەوەی چالاکیی کۆمەڵگای مەدەنی بێت.

لە وەڵامی تاوانبارکردنەکانی دەوڵەتدا کە ژینگەپارێزیی کوردی بە هاوتای دژایەتی لەگەڵ خودا دەزانرێت، ئیسماعیلنژاد باس لەوە دەکات کە، «حکوومەتی ئێران هەموو چالاکییەکانی بەدەر لە جیهانبینییەکەی خۆی، بە چاویلکەی تەناهییەوە دەبینێت. چونکە ئامانجی ژینگەپارێزی لە کوردستان، پاراستنی سروشتی کوردستانە لە کاولکاری، ئەو ڕێگایەی ژینگەپارێزە کوردەکان گرتوویانەتە بەر، بووە بە ئاریشەیەک بۆ ڕێبازی خوداناسانەی(theological) ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژینگەدا. ئیسماعیلنژاد باس لەوە دەکات کە لە ڕاقەی ڕێژیمی ئێران بۆ ئیسلامدا، بوونەوەرە مرۆییەکان سەرووتر لە بوونەوەرەکانی تر دەبیندرێن و بۆیە ڕێگای پێدراوە هەموو شتێک بەقازانجی خۆیان بەکار بهێنن. بەهەرجۆرێک بێت، ژینگەپارێزە کوردەکان برەو بە ڕێبازێکی سێکۆلار و پێویستیی پێکەوەژیانی مرۆڤ و سروشت دەدەن. هەرەوەزەکان کە هانی ڕاوچییان دەدەن بۆئەوەی دەست ڕاگرن لە کوشتنی ئاژەڵە وەحشییەکان، جێگای سەرنجی سەرەکیی ژینگەپارێزە کوردەکان بووە. وێنەیەکی جێگای سەرنج لەم پێوەندییەدا کردەوەی هێمایینی ئەحمەدعەزیزی، ڕاوچییەکی نیشتەجێی دەرەکێیە، کە گوندێکە لە شاری مەریوان. عەزیزی دوای چەندین دەیە ڕاوکردن، لەبەرچاوی خەڵک تفەنگ و قەفەسەکانی شکاند و کەوەکانی بەرەڵا کرد. وێنەکانی کارەکەی عەزیزی لە ڕاگەیاندنە کوردی و ناکوردییە جیاجیاکاندا بڵاو بووەوە. ئەو لە لایەن ئەنجومەنە ژینگەییە جیاکانەوە، (لەناویاندا ئەنجومەنی چیا) بە هۆی بڕیارە بوێرانەکەی و هاندانی ڕاوچییەکانی تر بۆ وەستاندنی کاولکاری لە ژینگەی گیانلەبەرە وەحشییەکانی کوردستاندا، ڕێزی لێ گیراوە.

ڕێژیمی ئیسلامی بەتەناهیکردنی هەموو لایەنێکی ژیان و کۆمەڵگای لە کوردستاندا برەوپێداوە و بەدامەزراوەی کردووە. ئەم ڕەوتە سنووردار نییە بە دامەزراوە دادوەرییەکان و هێزە تەناهییەکانەوە، بەڵکوو ڕیشەی قووڵی هەیە. بۆ وێنە، کەسانی وەک سادق زیباکەلام، وانەبێژێکی زانستگای تاران و جەلال جەلالیزادە، ئەندام پارلەمانێکی

کوردی توندئاژۆی لایەنگری ڕێژیم، باسیان لە ڕێگایەک کردووە کە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردی، لەناویاندا ژینگەپارێزەکان، یارمەتییان بۆ خەڵکی سەرپێڵ زەهاو و سەلاسی باوەجانی لە پارێزگای کرماشانی کوردستاندا کۆکردووەتەوە، کە عەردهەژێنێک لە دێسامبری ٢٠١٧ دا تێیدا ڕووی دابوو. ئەوان ئاگادارییان دابوو بە حکوومەت کە ئەم « کردەوەیە» هەڕەشەیەکی بەرەورووی دەوڵەت کردووەتەوە. بە ڕای ئەم کەسانە، کردەوەی هاوشێوەی ئەمە دەبێت بە هۆی بەهێزکردنی هەستی نەتەوەییی کوردی. هەستیاریی بژاردەکانی ڕێژیم ئەو کاتە ڕوون بووەوە کە پارێزگارەکانی کرماشان و کوردستان، ژینگەپارێزەکانیان ئاگادار کردەوە کە بەشداریی کۆکردنەوەی یارمەتی نەکەن، چونکە بواری ئەوان نییە. بە ڕوونی، خەڵکی بوونی ژینگەپارێزەکان و توانایان لە هاندانی کۆمەڵگای کوردیدا لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکاندا، بووە بە بابەتی گرینگیدان بۆ هێزە تەناهییەکانی ڕێژیم و بابەتێک کە یارمەتی دەدات بە بەتەناهیکردنی ئەم بوارگەیە.

لەماوەی ساڵەکانی ٢٠١٩-٢٠١٧ دا، سەدان کەس لە ژینگەپارێزە کوردەکان لە لایەن ئیتلاعات، دەزگای هەواڵگریی ئێرانەوە دەستبەسەر کران. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە هەرێمەکانی تریش لە ئێران دەستبەسەرکرانی ژینگەپارێزەکانیان ئەزموون کردووە، قەوارەی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستان جێگای دڵگرانییە. عەمارگوڵی، ڕۆژنامەڤان، بەتەناهیکردنی بەربڵاوی ژینگەپارێزی لە کوردستان گرێدەداتەوە بە ئەو مەحکوومکردنە گشتییانە کە لە شارە جیاوازەکانی کوردستاندا (وەک بانە و مەریوان ) لەساڵی ٢٠١٨ دا ڕوویان داوە. بەگوێرەی [وتەکانی] گوڵی، هەرێمی کوردستان، بە هۆکارگەلی وەک ونهێزی زۆر بۆ هاندان بۆ مەحکوومکردنی بەکۆمەڵ و بوونی هێزە نیزامییە بەرهەڵستکارەکانی وەک هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبە دژبەرەکان (وەک کۆمەڵە و حدکا و پژاک)، ئاستی ئاگاداریی لەنێوان بەرپرسانی ئێرانیدا بردووەتە سەر. ئاڵوگۆڕی ونهێزێکی ئەوتۆ لەنێوان کوردەکاندا، سەرەڕای بەنیزامیکردنی توندی کوردستان، بەرهەمی کۆمەڵێک هۆکارە. بە ڕای ئیسماعیلنژاد، یەکەم، ئەم ڕەوتە بەرهەمی ئاڵوگۆڕی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزووتنەوەی نەتەوەیی بەڕێگایەکی بەقووڵی بەسیاسیبوودایە، کە حەوت دەیە پێش دەستی پێ کرد. دووهەم، ئەم پەرەسەندنە قەرزداری تەشەنەی بەردەوامی پەروەردە لەنێوان کوردەکاندایە، پێڤاژۆیەک، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ١٩٨٠کانەوە دەستی پێ کرد. سێهەم، دەستڕاگەیشتنی کوردەکان بە ئینتەرنێت (وەک نەتەوەیەکی پەراوێزخراو (marginalised) و تەریککەوتوو (isolated) لە ئێراندا) بووە بە ئامرازێکی بنەمایی بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بە نرخێکی کەم و خێراییەکی زۆر.

## نشینگەی سروشتیی لەمەترسیکەوتووی کوردستان

تێکەڵەیەک لە بابەتە سروشتی و دەستکردەکانی مرۆڤ بووە بە هۆی تێکدانی نشینگەی سروشتیی کوردستان. بابەتگەل و چالاکیگەلی وەک سڕینەوەی دارستان بە هۆی ئاگرکەوتنەوە و بڕینەوەی ڕاگیرنەکراوی دار، دروستکردنی بەبێ ڕێوشوێنی بەنداو، گواستنەوەی نارێژەییی(disproportionate) سەرتاسەریی ئاو لە ئێران، وێنەی ئەو چالاکییە مرۆڤییانەن کە ژینگەی سروشتیی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، ئەمە لەسەردەمێکدایە کە تێیدا گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا وەک پرسێکی جددی دەستنیشان کراوە کە بۆ تەناهیی کۆمەڵگای جیهانی و

کۆژینگەکەی ئاریشەیە. بۆ وێنە، لەدەیەکانی دواییدا، بڕینەوەی بەتەواوەتیی و کشتوکاڵی بێ ڕێوشوێن، چەندی و چۆنیی دارستانەکانی زاگرۆســی داشکاندووە و لە ماوەیەکی نزیک بە سێ دەیەدا (١٩٨٧-٢٠١٥)ڕێژەیەکی زۆر لە دارستانە سروشــتی و چڕەکانی هەرێمی کوردستان بەرەوڕووی تێکدانی لەڕادەبەدەر بووەتەوە.

بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستان بەشێکی دەبەســترێتەوە بە باسکردنی پرسە ژینگەیییەکانــەوە. وەک ئەوەی پاشــتریش ئاماژەی پێ دەکرێــت، ژینگەپارێزی بریتی بووە لە ڕادەیەکی زۆری چالاکی و هەرەوەز، کە بۆ وێنــە بووە بە هــۆی ڕەخنەگرتن لە بەڕێوەبەریی لاوازی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لــە قەیرانــە ژینگەیییەکاندا و سیاســەتە تێپەڕەکانــی حکوومــەت لــەم بوارگەیەدا. هەروەهــا، بەتەناهیکردنــی ژینگەپارێزی لە کوردستاندا ڕیشەی لە تێگەیشتنی دەوڵەت لە «تەناهی و هەڕەشــە «دا هەیە و سنووردار نییە بــە چالاکیی تاقمــە ژینگەیییەکانەوە، بەڵکــوو بابەتێکــی ئاڵۆزترە کە ڕیشــەی لە بزووتنەوەی پێشــڤەڕۆی نەتەوەیی کورددا هەیە.

ئەم شرۆڤەیە ڕوونی دەکاتەوە کە چەمکی «تەناهــی»، تێگەیشــتنێکی فرەبەڵگەیــە، کــە دەتوانێــت پێوەندیی ناکۆکــی نێوان حکوومەت و ژینگەپارێــزە کوردەکان ڕوون بکاتەوە. دەکرێت هێندێــک لایەنی تەناهی بە بەربڵاوکردنی چەمکگەلی وەک «هەڕەشە و خەســارهەڵگری (vulnerability)» باسیان لێ بکرێت، کە لــە خوێندنەوەکانی تەناهیی ژینگەیی و ئەو ئاریشەگەلەدا کە دەوڵەت — نەتــەوەکان و ژینگەپارێزەکان لە مامەڵەیان لەگەڵ بابەتــەکان لەم بــوارەدا بەرەوڕووی دەبنــەوە بەربڵاو دەبێتــەوە. لەگەڵ ئەمەدا، چونکە حکوومەتی ئێران بە بیانووی هەڕەشە لەسەر تەناهیی دەوڵەت و یەکپارچەیی، پاساو بــۆ ئازاردانی ژینگەپارێــزەکان دەهێنێتەوە، ژینگەپارێــزە کــوردەکان کاولکارییــە بەردەوامەکانــی ژینگەی کوردســتان وەک بابەتێک دەستنیشــان دەکەن کە داهاتووی ژیان لە ئەم هەرێمەدا دەخاتە مەترســییەوە. گرێــدراوی ئــەم پرســە، ژینگەپارێزەکان هەڵدەگەڕێنەوە بۆ چەمکگەلی وەک «تەناهیی کۆمەڵایەتی « و « یەکســانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری».

وێژمانــی ژینگەپارێــزە کــوردەکان، کــە دژ بــە وێژمانی دەوڵەت لــە پێوەندی لەگەڵ بەردەوام بوون و گەشەســەندندایە و جۆراوجۆریی چالاکییەکانیان، لەو بابەتگەلەن کــە هەســتی نەبوونــی تەناهــی لــەلای حکوومەتی ئێران هەڵدەخرێنن (provoke). بەهەرجۆرێــک بێــت، وەک ئامــاژەی پێ کرا، ئــەم بەتەناهیکردنە ڕەنگە ڕیشــەی لە پێوەندییــە ناکۆکەکانی کۆماری ئیســلامی لەگەڵ بزووتنەوە و کۆمەڵگای کوردیدا ببێت. ڕێژیمی ئیسلامی لە ســەرەتای دامەزرانیەوە بــە بەردەوامــی ڕێبازێکــی تەناهییانــەی بەرەوکۆمەڵــگای کوردســتان برەوپێــداوە. بەڕایەبــاس وەلی، ڕۆژهەڵاتی کوردســتان وەک ناوچەیەکی تەناهــی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێــت. ئەمە بــەزۆری لە کاتی شــەڕی نێــوان ئێــران وعێراقدا ڕوون بــوو، کاتێک کە کوردەکان لە نێوان هێرشــەکانی چەکی کیمیاییی سەدام و دژەهێرشەکانی ئێراندا لە ژێر گوشــاردا بوون. مەنتقی قانوونی نیزامی هیچکات ون نەبووە. ئەوە شتێکی چەسپاوە لە بیری بەرپرســەکانی حکوومەتدا: کاتێک بۆنی کێشــە و گرفت دەکەن، لەســەرەتادا ڕوو دەکەنــە کــورد. ئەمە بــە تەواوەتی لە خۆپیشــاندانەکانی بزووتنــەوەی ســەوز لە ٢٠٠٩دا دەرکــەوت. ئەگەرچی کوردســتان لە هیــچ شــوێنێکدا وەک هەرێمەکانی تر بەشــداریی خۆپیشــاندانەکانی نەکرد، بەڵام زۆرترین ژمارەی کوشتنی بەخۆیەوە دیت.

ئەگەرچی مەرج نییـــە ژینگەپارێزی لە کوردســـتان هەڕەشە بێت لەســـەر تەناهیی نەتەوەییـــی ئێران، [بەلام] بژاردەکانی ڕێژیم لە کاردانەوە بەرانبەر بە دەنگە ڕەخنەگرەکان، بە بەردەوامی بەرژەوەندییەکانیان لە بەرگی تەناهیـــی نەتەوەییـــدا دەناســـێنن. بـــەرای وایڤـــەر، بەکارهێنانـــی لکێنـــەی تەناهی بە ئاســـانی دەری ناخات کە پرسێک تەناهییە یان نە. بـــە هەرجۆرێک بێت، ئەوە هەروەها هەڵبژاردنێکی سیاســـییە، کـــە بڕیارێکە بۆ تێگەیانـــدن (بەچەمککردن) لـــە ڕێگایەکی تایبەتـــەوە. ئەم هەڵبژاردنـــە بەواتای ئەوەیە کە، کاتێک کە پرســـێک بەتەناهی دەکرێت، کـــردەوەی بـــەرەولای ئـــەوە دەڕوات کە بە ڕێگاگەلی تایبەت ئەو پرســـە بناســـرێت، بۆ وێنە، وەک «هەڕەشە، بەرگریکردن و بەزۆری چارەســـەرە دەوڵەتییەکانـــی». لـــە بابەتـــی بەتەناهیکردن لە نـــاو چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، بابەتە سەرچاوەکان بریتین لە مانەوەی ڕێژیـــم، حاکمییەتی دەوڵەت و یەکپارچەییی عەردی ئێران. لەسەر بنەمای ئەم باســـگەلە، بکەرەکانـــی بەتەناهیکردنی ڕێژیم، (وەک ســـپای پاســـدارانی شۆڕشی ئیســـلامی و دامـــەزراوە دادوەرییـــەکان) کۆمەڵێک ڕێوشوێنی توندوتیژ دەگرنەبەر بۆ ئەوەی دەنگ و چالاکییـــە ڕەخنەگرانەکان داپڵۆسێنن. لەم دواییانەدا، حکوومەت خەریکە بەرەورووی زۆرێک ئاریشـــەی نێونەتەوەیی، هەرێمـــی و ناوخۆیی دەبێتەوە؛ بەم هۆیەوە، بژاردەکانـــی ڕێژیـــم هەمـــوو کردەوەیەکی کۆمەڵـــگای مەدەنی وەک ئاریشـــەیەک بۆ بوونـــی ڕێژیـــم دەبینن. ڕێژیمی ئیســـلامی وەهـــا دەنوێنێت کـــە چالاکیـــی ڕێکخراوە ناحکوومییـــەکان، بەتایبەتـــی لـــە هەرێمە تەناهییەکاندا، هەڕەشـــەی جددین لەســـەر مانەوەی ئەو و پێویســـتە بە دژەڕێوشـــوێنی نائاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. کەوابوو دەکرێت خوێندنەوەی ژینگەپارێزیی کورد و هۆکارەکانـــی بەتەناهیکردنەکەی، لەناو ئەم بەستێنەدا لێی بڕوانرێت.

## سێ بوارگەی جێگای مشتومڕ سڕینەوەی دارستان

سڕینەوەی دارستان بە هۆی ئاگرکەوتنەوەوە، بابەتێکی گرینگی ژینگەییە لە کوردستاندا. لە بەشـــی مەریوانی دارستانی زاگرۆسدا، لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٥، چیا زۆرتر لە ٢١٠٠ ئاگرکەوتنـــەوەی تۆمار کـــردووە. وێنەیەکی ئاگرکەوتنەوە بەربڵاوەکان « هاوینی ڕەشـــی ٢٠١٠» واتـــا کاتێک بوو کـــە زیاتر لە ٩٠٠ ئاگرکەوتنـــەوە لە دارســـتانەکانی مەریوان و ســـەولاوادا تۆمار کران. دیاریکردنی هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوانە و هەوڵدان بۆ پاراســـتنی دارســـتانەکان لە ئەوان، جێگای ســـەرنجی ســـەرەکیی ژینگەپارێـــزە کـــوردەکان بووە. بـــەو هۆیەوە کـــە پلـــەی زۆری گەرما تەنیا هـــۆکاری بەشـــێکی بچووکـــی کەوتنەوەی ئاگرەکانـــە، ئاگرخســـتنەوە دەســـتکرد و بەئەنقەســـتەکان هـــۆکاری ســـەرەکیی سڕینەوەی دارستان لە کوردستاندان. ئومێد ڕەشـــیدی ژینگەپارێزی کـــورد، لە وتارێکدا بەناوی «زاگرۆس لـــە جەهەنەمدا» ئاگاداری دەدات کـــە ئاگرکەوتنەوەکانـــی زاگرۆس بە هـــۆی چالاکیـــی مرۆڤییـــەوە ڕوو دەدەن و زۆرێک لەوانە بەئەنقەست دروست دەکرێن، بۆیـــە ئاگرتێبەردان وشـــەیەکی باشـــترە بۆ ناودێرکردنـــی ئـــەم دیاردەیـــە. چالاکییـــە مرۆڤییـــەکان وەک چالاکییـــە نیزامییەکان، وەک ڕاهێنانـــە نیزامییـــەکان و تۆپبارانـــی دارستانەکان، هۆکارە ڕیشـــەییەکانی تری ئاگرکەوتنەوە گەورەکانن، کە دارســـتانەکانی زاگرۆس کاول دەکەن.

چۆنیەتیـــی ڕاگەیاندنـــی هـــۆکاری ئاگرکەوتنـــەوەکان بۆ خەڵک بابەتێکی جێی مشتومڕە لە پێوەندیی نێوان ژینگەپارێزان و بەرپرسانی دەوڵەتدا. بۆ وێنە، لە کاتێکدا کە

بەرپرسەکان ئەم ئاگرکەوتنەوەگەلە بەئاکامی گەرمــای هاویــن و پلــەی زۆری گەرمی، وشکەســاڵی و نەبوونــی ئاگاییــی گشــتی دەزانن، تاقمە ژینگەییەکان تاوانبار دەکەن کــە ژمارە، ڕادە و هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان زۆر گــەورە دەکەنــەوە؛ لە لایەکــی ترەوە، تاقمە ژینگەییەکان بەرپرســەکانی دەوڵەت ســەرکۆنە دەکەن بۆئەوەی کــە کاولکاریی مەترســیداری دارســتانەکانی کوردســتان لەبەرچاو ناگرن. لە وتارگەلی لەژێر سەردێڕی وەک «ئاگرە گوماناوییەکانی دارســتانەکانی زاگرۆس» دا چالاکان ئەم ئاگرکەوتنەوانە بە «ناسروشتی، دەستکردی مرۆڤ و بەئەنقەست «دەزانن. بەجۆرێک کە عیرفان حسەینی پێی وایە «وادیــارە نامــەردەکان و کاولکارەکانی ئەم خاکە [کوردســتان] زۆر سوورن لەسەر کاولکردنی».

هەروەها، ژینگەپارێزەکان بەرپرســەکانی دەوڵــەت و دامــەزراوەکان تاوانبــار دەکەن کــە لــە پشــتی ســڕینەوەی بەلێشــاوی دارســتانەکانی زاگرۆســەوەن، بانگەشــەی ئەوە دەکــەن، لــە کاتێکدا دارســتانەکان ســووتێندراون و گــۆڕدراون بــۆ زەویــی کشــتوکاڵی، کە دامــەزراوە دەوڵەتییەکانی پێوەندیــدار بە ئەم بوارگەیە، ئەم پرســەیان پشتگوێ خستووە. چیا توانیویەتی هێندێک بەشــی کۆمەڵگای خۆجێیی هــان بدات بۆ کوژاندنــەوەی ئاگرکەوتنــەوە بەربڵاوەکان. بەجۆرێک کە لە ٢٠١٦ دا ڕاپۆرت کراوە، لە بەشێک لە ئاگرکەوتنەوەکاندا، ژینگەپارێز و خۆبەخشەکان دوای ٣٥ کاتژمێر شەڕکردن لەگــەڵ ئاگردا لــە کۆســاڵان (هەرێمێکی کوێستانیی ئاستەم لەنێوان سنە و مەریواندا) توانییــان بوارگەیەکی ٣٥/٠٠٠ هێکتاری لە بەتەواوی کاولبوون ڕزگار بکەن.

ئاگرکەوتنەوەکان و سڕینەوەی دارستان، جیا لە داشــکاندنی چەندیی دارستانەکانی زاگــرۆس، کاریگەرییەکــی نەرێنیشــیان لەســەر فرەژینــی (biodiversity) لــە ژینگەی کوردســتاندا هەیــە، هەروەها بووە بە هۆی خێرابوون و لەناکاوبوونی خەســارە ژینگەییەکان وەک خۆڵپرتووکان (erosion)، لافــاو، وشکەســاڵی و هەڵســتانی تەپوتۆز. بڕینەوەی پێشەســازییانە و ڕانەگیراوی دار و ڕاهێنانــە نیزامییــە جۆراوجــۆرەکان، لەو هۆکارگەلەن کە دەبن بە هۆی ئاگرکەوتنەوە، ســڕینەوەی دارســتان و تێکدانی ژینگە لە کوردســتان. ئەمــە بووە بە هــۆی ئەوە کە ژینگەپارێزەکان پرسیار بکەن کە « دامەزراوە دەوڵەتییــەکان لــە کوێن لــە کاتێکدا کە ئاگرکەوتنــەوەکان دارســتانەکانی زاگرۆس کاول دەکەن». زۆرینەی ئاگرکەوتنەوەکان لە ماوەیەکدا ڕوویان داوە کــە پلەی گەرما لە ژێرەوەی ســەهۆڵبەندانەوە بووە. لە وتارێکدا لەژێــر ناوی «ئاگر لە ســەرماوەزدا» (آذر در آذر)، چیا بەهەڵگەڕانەوە بۆ وێنە جیاوازەکانی ئاگرکەوتنــەوە، بــاس لە دەســتکردبوونی ئــەم ئاگرکەوتنەوەگەلــە دەکات. دواییــن ئاگرکەوتنەوەکان لــە قەراخی گوندی پێلە و سەڵەســی لە نزیک مەریواندا، لەکۆتاییی خەرمانانــی ٢٠١٨ دا، جیا لــەوەی بوو بە هۆکاری کاولکاریی بەربڵاوی ژینگەیی، گیانی چوار کەسیشــی گــرت، دوو ژینگەپارێزی بەناوبانگــی ئەندامی چیا، شــەریف باجوەر و ئومێد حەســەنزادە (کۆنەپۆشــی) و دوو دارســتانەوان ڕەحمــەت حەکیمــی نیا و موحەممەد پەژووهی، کــە لەکاتێکدا مردن کــە هەوڵــی کوژاندنــەوەی ئاگرەکەیــان دەدا. ئــەم ژینگەپارێز و دارســتانەوانانە، بە گوێرەی وتــەی بەرپرســێکی ژینگەیی، بە هۆی ســووتان بە ئاگرەوە مردن؛ ئەگەرچی کەســە خۆجێییــەکان، بانگەشــەی ئــەوە دەکەن کە هاویشــتنی گوللــەتۆپ لە لایەن هێزە تەناهییەکانــەوە بوو بە هۆی مردنیان. ســەرچاوە نەناســراوەکان ئاماژە بە ســپای پاسدارانی شۆڕشــی ئیسلامی دەکەن وەک

تاوانباری سووتاندنی دارستانەکان و تیرۆری ژینگەپارێزەکان لە مەریوان. بۆ وێنە، ئەوانەی ڕووداوەکەیان دیوە ڕوونی دەکەنەوە کە باجوەر بە هۆی تەقەکردنەوە کوژرا نەک سووتان لە ئاگردا. مردنی باجوەر و هاوکارەکانی، بوو بە هۆی مەحکوومکردنی گەورە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنە جەماوەرییەکەیدا لە مەریوان.

کەسێکی ئاگادار ئاماژە بەوە دەکات کە سپای پاسداران پشکێکی زۆری هەیە لە تێکدانی ژینگەدا. ڕاهێنانە نیزامییەکان، تۆپبارانی ملهورانەی دارستانەکان و دروستکردنی پێگە نیزامییەکان لە شوێنە پارێزراوە سروشتییەکاندا، وێنەی ئەو چالاکییە نیزامییانەن کە دەبن بە هۆی تێکدانی ژینگە. کۆژینگەی کوڵەژان، بوارگەیەکی گوندی لە قەراخ دەریاچەی زرێبار، کە بووە بە مەنزڵگەی جۆرەکانی ئاژەڵە وەحشییەکان، لە ئاگرکەوتنەوەکانی ڕاهێنانە نیزامییەکاندا بەزۆری خەساری بەرکەوتووە؛ دارستانەکانی ئەم هەرێمە بۆ چەند حەوتوو سووتان بەبێ ئەوەی دەوڵەت هیچ هەوڵێک بدات بۆ ڕاگرتنی. داگیرکردنی زەویی قەراخی زرێبار لە لایەن سپای پاسدارانەوە و دروستکردنی باڵەخانە نیزامییەکان، بووە بە بابەتی گلەیی و مەحکوومکردنی ژینگەپارێزەکان و لە زۆرێک لە ژمارەکانی چیادا ڕەنگی داوەتەوە. فەرزاد فیرووزی مەندۆمی، لێکۆڵەری مافی مرۆڤ لەگەڵ زانستگای هامبوورگ، ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سپای پاسداران و دامەزراوەگەلی تری دەوڵەتی لە کاولکردنی ژینگەی کوردستان وەک تێرۆریزمی ژینگەیی(ecoterrorism)باس دەکات. وەک مەحکوومکردنی بەنیزامیکردنی زرێبار، ڕێکخراوێکی ناحکوومیی مەریوان لە نامەیەکدا بۆ سەرترین بەرپرسی دەوڵەت لە شارەکەدا دەستنیشانی دەکات کە زرێبار گەوهەری بەشی ڕۆژئاوای وڵات و سەرچاوەیەکی بەنرخی سروشتی کوردستان کە لە ١٩٩٩ وە، وەکماڵی ئاژەڵە وەحشییەکان ناسراوە و لە لایەن قانوونە ژینگەییەکانەوە پارێزراوە، گۆڕدراوە بۆ پێگەیەکی نیزامی. سەرەڕای دیاریکردنی زرێبار وەک شوێنێکی پارێزراوی سروشتی، هێزەکانی سنوور لە مەریوان، بە دروستکردنی پێگەکان لە ئەم بوارگەیەدا، ئەم قانوونگەلی پاراستنەیان پشتگوێ خستووە.

جیا لە لادانی ڕوونی دامەزراوە نیزامییەکان لە قانوونەکانی پاراستنی سروشت، بەڵگە لەبەردەستدا هەیە کە پیشان دەدات کە، بەرپرسە دەوڵەتییەکان، لە چالاکییە ئابوورییە ناقانوونییەکاندا تێکەڵ بوون، کە بەهەرامی بە ئێکۆمافیای بژاردەکان (the elites ecomafia) ناودێری دەکات. گرێدراو بە گەندەڵیی بەربڵاو وەک لایەنێکی تەواوی پرۆژەگەلی پەرەسەندن لە ئێراندا، وەلی داداشی سیاسەتقانی دیار، دان بەوەدا دەنێت کە لە هێندێک لە بابەتەکاندا بەڵێندەرەکان، بە مەبەستی کپکردنی دەنگە ڕەخنەگرەکان، بەرتیل دەدەن بە ئەندامانی پارلەمان لە ئەم بوارگەلەدا. لە هەروەزە ژینگەییە گەورەکانی وەک «زاگرۆسی دلۆڤان»، «دەنگی پێی ئاو» و «هاواری کاروون»دا، بەڕێوەبەریی خراپ و پرۆژەگەلی پەرەسەندنی تێپەڕ وەک هۆکاری سەرەکی بۆ تێکدانی ژینگە لە کوردستان و خووزستاندا دەستنیشان دەکرێن. بۆ وێنە، پارێزگای کوردستان و تیمە ژینگەییەکەی، بە هۆی پشتگوێ خستنی ژینگەوە، بە «کۆمیتەی ناشتنی زرێبار» ناسراون. بە گوێرەی (وتەی) ژینگەپارێزەکان، ئاجێندای پەرەسەندنی بەرپرسەکانی دەوڵەت دەبێت بە هۆی کاولکاریی بەتەواوەتیی دەریاچەی زرێبار و ژیانی ئاژەڵانی قەراخەکەی. هەروەها، نوێنەرانی کوردی پارلەمان ڕەخنەیان لێ دەگیردرێت کە تێهەڵناچن و بوێریی ئەوەیان نییە کە بابەتە ئابووری و ژینگەییەکانی کوردستان لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییەکاندا

باس بکەن.

## گواستنەوەی نەوت و پاڵاوگە

ڕەخنەگرتن لە چالاکییە نەوتییەکانی دەوڵەت لە کوردستاندا بیچمێکی تری ژینگەپارێزییە لە کوردستاندا. گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆ پاڵاوگەکان لە باشووری ئێران و دروستکردنی پاڵاوگە لە نزیک شوێنە پارێزراوە سروشتییەکاندا، لەو بابەتگەلەن کە دەبن بە هۆکاری مەحکوومکردنە ژینگەییەکان. دارا قەسیمی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی «دروستکردنی پاڵاوگە لە نزیک زرێباردا؟ کارەساتێکی گەورە بەڕێوەیە!»، بابەتی ژینگەپارێزەکان لە پێوەندی لەگەڵ پاڵاوگە لە مەریواندا دەخاتە بەرباس و ئەوە وەک خەساردان لە زرێبار و کۆژینگەی بوارگەی دەوروبەری دەبینێت. قەسیمی، بیری بەرپرسەکان دەخاتەوە کە بەپێی قانوونی بنگەهیی ئێران برگەی ٥٠، هەرجۆرە چالاکییەک کە ژینگە بخاتە مەترسییەوە ناقانوونییە. ژینگەپارێزەکان باس لەوە دەکەن کە دروستکردنی پاڵاوگەیەک لە نزیک زرێبار، دەتوانێت چەندین ئاسەواری ژینگەیی ببێت، وەک کاولکردنی کۆژینگە، بەرهەمهێنانی پیسیی زۆری ئاو و هەوا و خەساردان لە بەپیتترین زەوییەکانی ئەم هەرێمە، هەروەها کاولکردنی پیشەسازیی بچووک بەڵام هێشتا گرینگی گەشتوگوزار (توووریزم) لەم هەرێمەدا. ڕێکخراوی چیا دژایەتیی خۆی لەگەڵ دروستکردنی پاڵاوگە لەنزیک زرێبار بەم جۆرە ڕاگەیاند: «ئێمە لە چیا ڕێگا نادەین ئەم پرۆژە کاولکارانەیە جێبەجێ بکرێت. ئێمە تماشا ناکەین تا زرێبار کاول ببێت.» وەک چۆن بەردەوام چیا وتوویەتی، «زرێبار هێڵی سوورە» و ژینگەپارێزەکان لەشەڕ لەپێناو هەرێمەکەدا ناکشێنەوە.

گواستنەوەی نەوتی خاو، قیری تراو (liquid bitumen) لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی باشووری کوردستان و لەڕێگای تۆڕی گواستنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناوەند و باشووری ئێران، لەماوەیساڵانی دواییدا، ئەگەرچی زۆر چڕ بووەتەوە، بەڵام بەبێ مشتومڕیش نەبووە. لەکاتێکدا گواستنەوەی نەوتی هەرێمی باشووری کوردستان بۆ ئێران بازرگانییەکی پڕخێر بووە بۆ بژاردەکانی هەرێمی باشووری کوردستان و سپای پاسدارانی ئیسلامی، ئەم پیشەیە بووە بە هۆی ڕادەیەکی زۆر لە کارەساتی ژینگەیی و ڕووداوی هاتوچۆ، پیسکردنی هەرێمی کوردستان [لە ئێران] و سەندنی گیانی زۆرێک لە کورد. بە هۆی ژمارەی زۆری کوژران و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە گواستنەوەی نەوتەوە، ژینگەپارێزەکان ناوی «بارهەڵگرەکانی مەرگ»یان لەسەر ئەو تانکێرگەلە داناوە کە ئەم نەوتە هەڵدەگرن. چالاکان لە ڕاگەیێندراوێکدا کە وترابوو ڕێگاوبانە کوێستانی و ئاستەمەکانی کوردستان، کە تەنانەت بۆ هاتوچۆی ئاساییش بەکەڵک نایەن، بوون بە ڕێگای ترانزیتی تانکێرەکان، داوایان لە بەرپرسەکان کرد کە بەر بە بارهەڵگرەکانی مەرگ کە ئاماژەیان پێ کرابوو، بگرن. ئەمە هیچ شتێکی بۆ خەڵک تێدا نییە جیا لە کاولکاری، مردن، خوێن و پیسبوون. دیمەنی جوانی کوردستان، بە هۆی ئەم بارهەڵگرانەی مەرگەوە، بۆنی خوێن دەدەن و هەر ساتێک ترسی ئەوە هەیە کە ئەم ڕێگاوبانانە گیانی شارۆمەندێک بگرن.

ژمارەی زۆری تانکێرە هەڵگەڕاوەکان و بەرکەوتنیان لەگەڵ ماشێن و ئوتووبووسەکانی تر، گیانی کەسانی زۆری لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا گرتووە. لەناو وێنە زۆرەکاندا، یەکێکیان بەرکەوتنی تانکێرێک بوو لەگەڵ ئوتووبووسێک لە شاری سنە لە پووشپەڕی ٢٠١٨ دا، کە بوو بە هۆی برینداربوونی زۆر کەس و کوژرانی ١٣ کەسی مەدەنی. ڕزگار

بەهاری، رۆژنامەڤانی کورد ئەم رووداوەی وەک «سووتانی کورد لەناو گڕدا» باس کرد و ئەم تانکێری نەوتانە بە «بۆمبی گەڕۆک لەسەر ڕێگاوبانەکانی کوردستان» ناودێر دەکرێن. هەر لەم پێوەندییەدا، لە ژانڤییەی ٢٠١٦ دا نەوتی دوو تانکێری هەڵگەڕاوە ڕژایە ناو ڕووبار و سەرچاوە ئاوییە نزیکەکان و پیسی کردن. وەک ئەوەی چیا دەستنیشانی کرد، بە تەواوەتی دیار نییە کێ بەرپرسی ئەم هەلومەرجە پڕئازارەیە. لە کاتێکدا کە ئەم تانکێرانە بە ملیارد تمەن [پووڵی ئێران] بۆ هێندێک دامەزراوە و کەسی چاوچنۆک کۆدەکەنەوە، خەڵکی ئەم هەرێمە تێچووی کاولکاری دەدەن. هەموو ڕۆژێک ٣٠٠-٢٠٠ تانکێر بەسەر ئەم ڕێگاوبانانەدا دەڕۆن و لەماوەی نیوەی یەکەمی ٢٠١٩ دا، لە لایەن بەرپرسانی هاتوچۆوە ١٩ بابەتی بەرکەوتنی تانکێر یان هەڵگەڕانەوەیان تۆمار کراوە. ڕەخنەیەکی تری ژینگەپارێزەکان لە بەرپرسان ئەوەیە کە ڕێگاوبانەکانی کوردستان جێگای ئەم ڕادەیە لە هاتوچۆ نییە؛ بەهەرجۆرێک بێت، ئاغایان (ئاماژە بە بژاردەکانی دەوڵەت) ئەم ڕاستییە بە جددی وەرناگرن. ژێرخانی پەرەنەسەندووی کوردستان و ژمارەی زۆری کوژراوەکان لەسەر ئەم ڕێگاوبانانەدا، وەک ئاماژەیەک بۆ پشتگوێخستنی پەرەنەسەندوویی لە کوردستان لە لایەن حکوومەتەوە دەبیندرێت.

موزەفەر وەیسی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی «بەرپرسی دەوڵەت لە کوردستان و پاڵاوگەی نەوت لە مەریوان»، باس لە دوو ڕێبازی جیاواز (کورد لەبەرانبەر دەوڵەتدا) لەپێوەندی لەگەڵ پاڵاوگەی نەوتدا، بە چاویلکەی پێوەندییەکانی ناوەند – پەراوێزەوە دەکات و درێژە دەدات کە: لەکاتێکدا ئەوانەی ناوەند لە خەمی ئەوەدان کە گواستنەوەی نەوتی هەرێمی باشووری کوردستان بۆ پاڵاوگەکان لە بەشەکانی تری ئێران تێچووی زۆرە، خەڵکی مەریوان خەمی ئەوەیان هەیە، کە بە هۆی تانکێرەکانی گواستنەوەی نەم نەوتەوە پیسی دروست بووە و تەناهیی هاتوچۆ نەماوە. حکوومەت مەحکوومکردنە خۆجێییەکان بە دژی کاولکردنی زرێبار و کۆژینگەکەی بەتەناهی کردووە و پاساو بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی بەرنامەبۆدارێژراو لە نزیک زرێباردا دەهێنێتەوە. ئەم دۆخە پیشان دەدات کە بۆ ئەوانەی لە ناوەندن، پرسە ژینگەییەکان کە بەرەورووی زرێبار دەبنەوە، هێندەی زیاترکردنی خێری نەوتی هەرێمی باشووری کوردستان گرینگ نین. وەیسی باس لە ئەوە دەکات کە «لە ئێران، ڕوانینی ناوەند بۆ هەرێمە پەراوێزەکان نەک هەر ئاستەنگ بووە لەسەر ڕێگای بەشداریکردنی گشتی لە دروستکردنی بڕیار، بەڵکوو هەروەها ئاسەواری نەرێنیی لەسەر داهێنانی ستراتێژییە بەردەوامەکان بۆ پشتیوانی لەم کۆمەڵگاگەلە و کۆژینەکانیان بەجێ هێشتووە.

## گۆڕانی ڕێڕەوی ئاو و دروستکردنی بەنداو

ڕێبازی دژایەتیکارانە بۆ پرسی بەرژەوەندی و تەناهی کە لە پێوەندییەکانی ژینگەپارێزەکان و حکوومەتدا ڕەنگی داوەتەوە، لە بابەتی بەکاربردن و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. گواستنەوەی ئاو لە کوردستان و خووزستانەوە ستراتێژییەک بووە کە حکوومەت لە کەمبوونی ئاو و وشکەساڵییە زاڵبووەکان بەسەر هەرێمە ناوەندییەکانی ئێراندا، پەرەی پێ داوە. دروستکردنی بەنداو و توونێل، گۆڕینی ڕێڕەوە سروشتییەکانی ئاو، ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەگەلە بوون. هێشتا ئەم ستراتێژییە جێگای مشتومڕە و بە هۆی پاشهاتە ژینگەیی و ئابوورییەکانیەوە بۆ هەرێمە دابینکەرەکان

(سـەرچاوەکان) ڕەخنـەی لـێ گیـراوە. ژینگەپارێزە کـوردەکان لەگەڵ ئەوەی ئەمە بە مەترسـییەکی گەورە دەزانن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دروسـتکردنی زۆری بەنداو لـە کوردسـتاندا مەترسـییەکی بەرچاو بۆ ئاکنجییان و ژینگەی ئەم هەرێمە دروسـت دەکات. ئامـاژە دەکـەن بە ژمـارەی زۆری بەنداوەکان و دروستکردنیان لە شارستانێکی بچووکـی وەک پیرانشـار، لـە سـنووری باشـووری کوردسـتاندا، کە پێشـتر پێنج بەنداوی تێدا دروسـت کـراوە و بەنداوێکی تریش خەریکە دروست دەکرێت. بەڕایحەمزە بۆرەکە، شـارۆمەندێکی پیرانشـار، خەڵک و ژینگەپارێزەکان دڵگرانی و ناڕازیبوونی خۆیان بەڕوونی بە سیاسـەتڤانان گەیاندووە، بەڵام بەرپرسەکان گوێبیست نین.

لەکاتێکـدا گواسـتنەوەی ئـاو لـە هەرێمێکـەوە بـۆ هەرێمێکی تـر لە لایەن حکوومەتـەوە وەک بابەتـی پەرەسـەندنی بـەردەوام پاسـاو دراوەتـەوە، لەڕوانگـەی ژینگەپارێزە کوردەکانەوە، ئەم سـتراتیژییە تێپەڕە و هەڕەشـە لە تەناهیی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی کۆمەڵـگای دابینکار (supplier) دەکات. بۆ وێنە، پرۆژەگەلی گواستنەوەی ئاو کە لەسەر سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕووباری کاروون لەڕێگای تونێلی گولاب و هەرسـێ کووهڕەنگـی ١، ٢، ٣ وە دامـەزراون، بوون بە هـۆی وشکەسـاڵی و کاولکردنی زەوییە کشـتوکاڵەکانی دەوروبەری ئـەم ڕووبارە و جێگۆڕکێی بەربـڵاوی خەڵکی هەرێمەکانی لوڕسـتان، بەختیـاری و خووزسـتان. لـە بابەتی کـورددا، هەڵکەندنی تونێل، لێدانی ڕێڕەو(canal) و دروستکردنی بەبێ ڕێوشوێنی بەنداو، وێنەی ئەو چالاکییانەی دروستکردنن کـە بوون بە هـۆی خەسـاری ژینگەیی و ئابـووری لە ئـەم هەرێمـەدا. ژینگەپارێزە کـوردەکان، وەک بەرهەڵسـتیکردنی ئـەم چالاکیگەلـە هـەڕەوەزی ئاگادارکردنەوە و مەحکوومکردنی وەک هەڕەوەزی» ئاسـەوارە کاولکارانەکانی پیشەسـازیی بەنداو لەسـەر سروشـت»، یان «بەنـداوەکان، خەسـاری ژینگەیی»یان ڕێکخستووە و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ دروستکردنی بەنداو لە کوردستانیان دەربڕیـوە. ئەوان باس لـەوە دەکەن کە ئەم بەنداوگەلە، سەرەڕای ئاسەوارە ژینگەییەکان، دەبن بە هۆی کاولکردنی فەرهەنگی کەونار، کەسایەتی و شوناسـی هەرێمی کوردستان [لە ئێران].

لە پێشـترەوە، ٥٤ بەنداو لە کوردستاندا هەیە، هێندێکیان بـە تەواوەتی کار دەکەن و ئەوانـی تـر خەریکن دروسـت دەکرێن. هـەر پرۆژەیەکی دروسـتکردنی بەنداو لەم دواییانـەدا، وەک بەنداوەکانـی کانـی بڵ، گاران و داریان، بەرەورووی مەحکوومکردنی کۆمەڵگای کوردی و ژینگەپارێزە کوردەکان بووەتەوە و لە هەموو بابەتێکدا، بەرپرسان بە هۆی بەڕێوەبەریی خراپ و دەستتێوەردان لە شوێنە گشتییەکان سەرکۆنە کراون. بەتایبەتی بەنداوی داریان لەسـەر ڕووباری سیروان لە کرماشـاندا، بە هۆی گواستنەوەی زۆرەملێی خەڵکی خۆجێیی و ئەو ئاسەوارو کۆژینگەیی و فەرهەنگییانەی کە هەماراوەکەی (ڕاگرتنی ئاوەکـەی) لەسـەر بوارگـەی دەوروبـەر دەیبێت، یەکێک لە جێگای مشـتومڕترین پرۆژەکان بـووە و بـەرەورووی ناڕازیبوونی زۆر بووەتەوە. هەروەها دروسـتکردنی بەنداو لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ئاسـەوار لەسەر بەردەوامیی ژینگەیـی و ئابووریی هەرێمی باشووری کوردسـتان جێدەهێڵێت. بۆ وێنە بوارگە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی باشووری کوردسـتان کاول دەکرێن و کەم بوونەوەی بەرهەمـی کشـتوکاڵی، تەناهیـی خواردن دەخاتـە مەترسـییەوە؛ هەروەهـا، دەبێت قەیرانـی ئاو لـەم بوارگەگەلـەدا ڕوودبدات، ئەوسا خەڵک ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ ئاوی ژێرعەرز، کە بـۆ خواردنەوە بەکەڵک نایەت،

ئەوەیش دەتوانێت ببێت بە هۆی گرفتی تەندروستی و زۆربوونی نەخۆشین. لایەنێکی تری بەرهەڵستکاریکردنی گواستنەوەی ئاو ئەوەیە کە ئەو ئاوەی کە گواستراوەتەوە زۆر زۆرتر لەو ڕادەیە بووە کە لەسەری ڕێککەوتن کراوە و تەنانەت ئەوەی مشتومڕی زۆرتر دروست دەکات، ئەوەیە کە بەڕێوەبەریی ئەم بەنداوگەلە لە بەرپرسەکانی پارێزگا کوردییەکان وەرگیردراوەتەوە و دراوە بە بەرپرسانی پارێزگا دراوسێکانیان.

## لەکۆتاییدا

چوارچێوەی شرۆڤەکارانەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، بە هۆی ڕەخنەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە ڕێبازی نەریتیی دەوڵەت—تەوەر بۆ پرسی تەناهی، پێوەندیی هەیە بە بەتەناهیکردنی چالاکیی ژینگەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لایەن دەوڵەتەوە. لەکاتێکدا ڕێبازی دەوڵەت تەوەر سەرنج دەخاتە سەر دەوڵەت وەک تاکە بکەری تەناهیی پێوەندیدار، تیۆریسییەنەکانی سەربە قوتابخانەی کۆپنهاگن، سەرنجیان پەرە پێ دەدەن بۆ ئەوەی بکەرە نادەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ناو چوارچێوەی شرۆڤەی تەناهیدا لەخۆ بگرێت؛ ئەمە لە ڕۆڵی بەرەبەرە گرینگتربوو و بەخشراو بە ڕێکخراو و چالاکانی ژینگەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە بەستێنی ناکۆکییەکان لە هەرێمەکەدا، دەردەکەوێت. لەگەڵ تەناهیی ژینگەییدا کە وەک هۆکارێک لەناو چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگندا ناسراوەتەوە، جیاکردنەوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ بابەتە تەناهییە جیاوازەکانیش لە بواری تەناهیی دەوڵەتی و تەناهیی کۆمەڵایەتیدا، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها، تێڕوانینی تیۆریکی قوتابخانەی کۆپنهاگن ڕێگای بە ڕاڤەکردن و بەکاربردنی چەمکگەلی وەک «هەڕەشە» و «خەسارهەڵگری» لە ڕوانینی جیاوازەوە داوە. بە شێوەیەک کە ئەم تیۆریسییەنگەلە باس دەکەن، تەناهی چەمکێکی فرەبەڵگەیە، کە دیاردەگەلی وەک ناکۆکیی نێوان حکوومەتی ئێران و ژینگەپارێزە کوردەکان لەخۆدەگرێت.

ژینگەپارێزی لە کوردستان فرەچەشنییەکی فرەبەڵگەیە لە چالاکی، کە ئامانج و چالاکییەکانی تەنیا سنووردار نییە بە شەڕ لەپێناو ژینگەدا. بە هەرجۆرێک بێت، ژینگەپارێزیی کوردی لە ژێر کاریگەریی ژینگەپارێزیی جیهانیدایە و خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەودا هەیە، کە تێیدا ئامانجی دیاریکردنی بابەتە ژینگەییەکان و تێهەڵچوونە بۆ پاراستنی ژینگەی سروشتیی کوردستان وەک ئەرکی سەرەکی. ئەم خوێندنەوەیە، پیشانی داوە کە ژینگەپارێزیی کوردی لە هەرێمێکدا سەری هەڵداوە کە دەوڵەت ڕێبازێکی تەناهییانەی لەبەرانبەردیدا هەیە. ئەمە بەو مانایە بووە کە دامەزراوە تەناهی و دادوەرییەکانی ڕێژیم ڕادەیەکی زۆر لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستانیان بەتەناهی کردووە. بەم پێیە، دەبێت سەرەکیترین هۆکار بۆ بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە ڕێگای تێگەیشتن لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد و ناکۆکییە چارەسەرنەکراوەکەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بیری لێ بکرێتەوە. خوێندنەوەی چالاکییەکان و بابەتە بڵاوکراوەکانی ژینگەپارێزە کوردەکان ئاشکرای دەکات کە ژینگەپارێزی، هاوکات لەگەڵ شەڕ بۆ ژینگەی کوردستان، مێکانیزمێکی بەرخۆدانیش بووە بەدژی سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا. ژینگەپارێزی وەک بیروباوەڕێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نیشتمانی کورد، فەرهەنگ و شوناسەکەی، هاندانی چالاکییە کۆمەڵایەتی- فەرهەنگییە جیاجیاکان، بڕەودان بە چەشنێکی سێکۆلار لە ناسیۆنالیزمی کوردی و شوناسی کوردی،

کاری کردووە. ڕێکخراوە ناحکوومییە ژینگەییەکان لە نەبوونی یەکیەتییە سەربەخۆکاندا، بەشێوەیەکی کاریگەر لە هاندانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و یەکخستنی دەنگە ڕەخنەگرە جیاوازەکاندا، جووڵاونەتەوە. هەروەها، ژینگەپارێزە کوردەکان بە ڕوونی وێژمانی تێگەیشتنی ڕێژیم بۆ پرسی»تەناهی» لە کوردستان دەخەنە ژێر پرسیار و هانی دەدەن کە پێیدا بچێتەوە.

تەناهیی ژینگەیی و کۆژینگەیی لە کوردستان، کە بە کۆمەڵگەراییی ژینگەیی (environmental collectivism) ناسراوە، بووە بە ئامرازی هاندانی کۆمەڵگای کوردی و بابەتی پاراستنی شوناسی کوردی لەناو ڕێژیمێکی سیاسیدا کە تێیدا دامەزراندنی حیزبی سیاسی قەدەغەیە. لە کاتێکدا یەک دەیە پێش ئێستا، ڕێژیم بە هۆی هەلومەرجی بەنیزامیکراوی کوردستان، دەیتوانی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵستییەک/ مەحکوومکردنێکی جددی و هاندراو بەکار بهێنێت، ئەمڕۆکە ڕێکخراوە ناحکوومییە ژینگەییەکان، پێوەندییەکانی ڕێژیم-کورد بە ڕێکخستنی هەرەوەز و نووسین لەسەر ژینگە، دەخەنە ژێر پرسیار. ئێستا بەڕوونی باس لە ئەوە دەکەن کە مامەڵەی حکوومەت لەگەڵ کورد نایەکسان و پێوەندییەکی ناوەند– پەراوێزە، بۆیە خوازیاری گۆڕینین. بە لەبەرچاوگرتنی چالاکی، وتاردان و وێژمان، پلەی خەڵکیبوونیان لە کۆمەڵگای کوردیدا و توانایان بۆ هاندانی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک، بەتەناهیکردنی چالاکیی ژینگەپارێزە کوردەکان وەک بەرهەمی تێگەیشتنی تەناهییانەی ڕێژیمی ئێران بۆ ئەم چالاکییانە وەک کاری هەڵخڕێنەرانە (provocative) دەردەکەوێت، کە ونهێزی ئەوەی هەیە کە بەرژەوەندیی ڕێژیم و ئۆتۆریتەی ئەو لە کوردستاندا تێک برووخێنێت. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، ڕێژیم و دامەزراوە تەناهییەکانی ئەو، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تەناهییانەی جۆراوجۆر بەکار دەبەن بۆ مامەڵە لەگەڵ «هەڕەشە»یەک کە ژینگەپارێزەکان لە کوردستاندا دروستیان کردووە.

## سەرچاوەکان


Afrasiabi, K. L. , 2003. ‘The Environmental Movement in Iran: Perspectives from below and Above’. Middle East Journal 57(3), 432–448.

Alavi,S. ,2019. ‘Bazdasht-efa’alan-emohitzistiy-eKordestan[ArrestofKurdistan’sEnvironmental Activists]’. Iran Wire, 13 January. Available at: https://iranwire. com/fa/features/29301[Accessed 10 March2019].

Bahari,R. ,2018. ‘Bombhaymoteharekdarjadehay Kordestan[TravelingBombsontheRoadsof Kurdistan]’. Chakar Sociopolitical Weekly 1(5),1–8.

Bahrami, A. , 2018a. ‘Dalil-e feshar-e amniyeti bar fa’alan-e mohit zisti chist? [Why are Environmental Activists under Pressure]’. Radiozamaneh, 1 March. Available at: https://www. radiozamaneh. com/384089 [Accessed 10 January 2019].

Bahrami, A. , 2018b. ‘Eqlim-e amniyetiy-e Jomhouri-e Eslami [Securitised Regions of the Islamic Republic]’. Radiozamaneh, 6 November. Available at: https://www. radiozamaneh. com/418767[Accessed 20 February 2019].

Beşikçi, I. , 2004. International Colony Kurdistan. Taderon Press, London.

Buzan, B. , O. Wæver and J. de Wilde, 1998. Security, A New Framework for Analysis. Lynne Rienner Publishers, Colorado.

Chomani, K. and T. Bijnens, 2016. ‘The Impact of Daryan Dam on the Kurdistan Region of Iraq’. Save the Tigris and Iraqi Marshes Campaign.

Chudnovesky, E. , 2018. ‘Iran Is Jailing Environmentalists’. Washington Examiner, 16 October.

DW, 2019. 'Barkhord-e khashen-e mamoran hengam-e bazdasht-e fa'alan-e mohit-e zist-e Kordestan [Security Forces' Harsh Treatment of Environmental Activists in Kurdistan]'. 7 January. Available at: https://www. dw. com/fa-ir/iran/a-46985342[Accessed 25 March 2019].
Eghtesad News, 2018. 'Dastgiriy-e barkhi fa'alan-e mohit-e zist [Arrest of Some Environmental Activist]'. 12 February. Available at: https://bit. ly/2DermNl [Accessed 15 February 2019].
EKurd,2018. 'AtLeast13KilledafterOilTankerCollideswithaBusinIranianKurdistan'. 11July. Available at: https://ekurd. net/tanker-collides-iranian-kurdistan-2018-07-11[Accessed 1 January2019].
Erdbrink, T. , 2018. 'He Fought for Iran's Environment and Was Arrested. Now, He's Dead'. The New York Times, 10 February. Available at: https://www. nytimes. com/2018/02/10/world/middleeast/iran-environmentalist-dead-prison. html [Accessed 5 February 2019].
Esmailnazhad, A. , 2017. 'Yek name-y sergoshad-e be Sadegh Zibakalam [An Open Letter to Sadegh Zibakalam]'. Facebook, 4 January. Available at: https://bit. ly/2ZPDsq3[Accessed 10 April 2019].
Facebook. 2017. 'Kampin-ehemayetazcheshmay-eBel[KaniBelCampaign]'. Availableat:https:// www. facebook. com/kanibil92 [Accessed 20 March2019].
Fadaee, S. , 2011. 'Environmental Movements in Iran: Application of the New Social Movement Theory in the Non- European Context'. Social Change 41(1), 79–96.
Fatahi, A. , 2017. 'Taran, Taran [Tehran, Tehran]'. Chya Sociocultural Monthly 2(18), 1–8.
Fielding, S. K. , R. McDonald and R. W. Louis. , 2008. 'Theory of Planned Behaviour, Identity and
Intentions to Engage in Environmental Activism'. Journal of Environmental Psychology 28(4), 318–326.
Financial Tribune. 2019. 'Iran's Inter-Basin Wa- Available at: https://www. washingtonexaminer. com/opinion/op-eds/iran-is-jailing-environmentalists-fearful-that-theyve-found-pollution-from-possible-nuclear-and-missile-sites[Accessed 10 March 2019].
Chya, 2016a. 'Azar dar Azar [Wildfires in November/December]'. Chya Sociocultural Monthly 1 (14), 1–8.
Chya,2016b. 'Bayany-eresmiy-eAnjoman-eSabz-eChyadarmored-eehdas-epalayeshgah-enaft dar Mariwan [O□cial Statement of Chya Green Organization regarding the Construction of an Oil-Refinery in Mariwan]'. Chya Sociocultural Monthly 1(13),1–8.
Chya, 2016c. 'Kampini Hawari Kani Bel (Feryad-e Kani Bel) [The Outcry of the Kani Bel Campaign]'. Chya Sociocultural Monthly 1(3), 1–8.
Chya,2017a. 'Zrebarkhat-eqermezast[ZrebarIsRedline]'. ChyaSocioculturalMonthly2(24),1–8. Chya, 2017b. 'Talab-e zrebar, jolangah-e organha-y nezami[Lake of Zrebar, Base of Military
Organisations]'. Chya Sociocultural Monthly 2(21), 1–8.
Chya,2018a. 'Teredod-earabehay-emargramoteve qefkonid[StoptheChariotsofDeath]'. Chya Sociocultural Monthly 3(27),1–8.
Chya,2018b. 'Wored-earabehay-emargberodkhanehayKordestan[OverturnoftheChariotsof Death in the Rivers of Kurdistan]'. Chya Sociocultural Monthly 3(27),1–8.
Collins, A. , 2010. Contemporary Security Studies. Oxford University Press, Oxford.
Dono, J. , J. Webb and B. Richardson, 2010. 'The Relationship between Environmental Activism, Pro-environmentalBehaviourandSocialIdentity'. JournalofEnvironmentalPsychology30(2), 178–186
DW,2018. 'Moshkelefa'alanizistibadastandazhaysepahast[Environmentalist'sTensionwith IRGC]'. 14 April. Available at: https://bit. ly/2GaWpud [Accessed 20 February2019].

cessed 20 September 2019].

Kaleme, 2014. 'Tofangesh ra zemin begozash ve beshkest [He Put down and Broke the Gun]'. 16 February. Available at: https://www. kaleme. com/1392/11/27/klm-174539/?theme=fast[Accessed 25 March2019].

Kaleme,2018. 'Moshkel-efa'alan-emohit-ezistjasosinebood,dastderaziy-esepahbema-nateq-e hefazetshoday-emohit-ezistbood[TheProblemoftheEnvironmentalistsWasNotEspionage, IRGC's Violation of Preserved Areas Was the Problem]'. 16 April. Available at: https://www. kaleme. com/1397/01/27/klm-266178/ [Accessed 1 February2019].

Kempton, W. and D. C. Holland, 2003. 'Identity and Sustained Environmental Practice'. In Identity and the Natural Environment, eds. S. Clayton and S. Opotow. MIT Press, Cambridge,317–342.

Koneposhi, H. , 2016. 'Qane' ve andishey-e mihani [Qhane' and the Patriotic Thought]'. Chya Sociocultural Monthly 1(9), 1–8.

Koneposhi, K. , 2015. 'Bazsazi-e mafhom-e amniyet [Re-constructing/Rethinking the Concept of Security]'. Chya Socio-cultural Monthly 1(1), 1–8.

Kurdpa,2019. 'Sepah-epasdaranveterrorism-emohitzisti[IRGCandEnvironmentalTerrorism]'.

25 April. Available at: http://www. kurdpa. net/farsi/idame/76815 [Accessed 26 April 2019].

Olli, E. , G. Grendstad and D. Wollebaek, 2001. 'Correlates of Environmental Behaviors: Bringing Back Social Context'. Environment and Behavior 33, 181–208.

Paehlke, C. R. , 2015. 'Environmentalism and the Future of Progressive Politics'. In Thinking about the Environment: Readings on Politics, Property and the Physical World, eds. M. A. Cahn and

R. O'Brie. Routledge, London, 256–260.

Qaderi,I. ,2015. 'Atesh-eJangelhayZagro-szirkhakester-eso'alat[TheQuestionableWildfireinthe Forests of Zagros]'. Chya Sociocultural Monthly 1(1),1–8.

ter Transfer Schemes Challenged'. 14 September. Available at: https://financialtribune. com/articles/energy/99845/irans-inter-basin-water-transfer-schemes-challenged [Accessed 20 September 2019].

GlobalWitness,2017. DefendersoftheEarth,GlobalKillingsofLandandEnvironmentalDefenders in 2016. Global witness,London.

Gohari, A. , S. Eslamian, A. Mirchi, J. Abedi-Koupaei, M. Bavani and K. Madani, 2013. 'Water Transfer as A Solution to Water Shortage: A Fix that Can Backfire'. Journal of Hydrology 491, 23–39.

Gurses,M. ,2012. 'EnvironmentalConsequencesofCivilWar:EvidencefromtheKurdishConflict in Turkey'. Civil Wars 14(2),254–271.

Haqmorad, M. , 2018. 'Maqola-e mohit-e zist marbot be ekhlaq-e 'amali ve siyaset ast [The Environmental Debate Has Roots in Ethics and Politics]'. Chakar Sociopolitical Weekly 1(3), 1–12.

Hendrix, S. C. and M. S. Glaser, 2011. 'Civil Conflict and World Fisheries, 1952–2004'. Journal of Peace Research 48(4), 481–495.

Hosseini,E. ,2016. 'HivdehSaltelash-ekhestegina-pezirdarrah-ehefazetazmohit-ezist[Seventeen Years'HardE□ortforProtectingtheNaturalEnvironment]'. ChyaSocioculturalMonthly1(10), 1–8.

Hosseini, E. , 2017. 'Name-e Chya be Rais Jomhur ve riyasete sazman-e mohit-e zist-e keshwer [Chya's Letter to the Iranian President and Environmental Authorities]'. Chya Sociocultural Monthly 2(24), 1–8.

Iran-e Farda, 2018. 'Der atesh sokhten-e fa'alan-e mohit-e zist dar Mariwan [Burning of Environmental Activist of Mariwan]'. 25 September. Available at: http://iranefardalive. com/Archive/42069 [Accessed 15 March 2019].

Iran-hrm. 2019. 'Iranians Join Major Protest against Water Shortages in South'. 12 September. Available at: https://iran-hrm. com/index.php/2019/09/12/iran-sentences-86-people-to-lashes-for-protesting-water-transfer-project/ [Ac-

Rule of a Perso-Shi'i State'. Third World Quarterly 1,1–20.
Soleimani, K. and A. Mohammadpour, 2020. 'Life and Labor on the Internal Colonial Edge: Political Economy of Kolberi in Rojhelat'. BJS 71(2), 1–20.
Soroos,S. M. ,1994. 'GlobalChange,EnvironmentalSecurity,andthePrisoner'sDilemma'. Journal of Peace Research 31(3),317–332.
Stern,C. P. ,2000. 'TowardaCoherentTheoryofEnvironmentallySignificantBehavior'. Journalof Social Issues 56(3),407–424.
Tasnimnews,2018. 'Fa'alanmazlom-emohit-ez-istyamojriyan-eprozhey-emarmozeGEOINTdar Iran [Innocent Environmental Activists or Mysterious Entrants]'. 15 February. Available at: https:// bit. ly/2UhkioG [Accessed 1 January2019].
The Guardian, 2016. 'Poetry and Silence: Iran's Kurds Tread the Line between Art andActivism'. 26 February. Available at: https://www. theguardian. com/world/2016/feb/26/iran-kurdistan-rouhani-tehranbureau [Accessed 10 February2019].
Ulmanu, M. , A. Evans and G. Brown, 2018. 'The Defenders, 83 Environmental Defenders Have Been Killed so Far in 2008□. The Guardian, 15 November. Available at: https://www. theguardian. com/environment/ng-interactive/2018/feb/27/the-defenders-recording-the-deaths-of-environmental-defenders-around-the-world [Accessed 1 February 2019].
UNPO, 2018. 'Iran: Environmental Activist Commits Suicide while in Tehran Prison'. 12 February. Available at: https://unpo. org/article/20620?id=20620 [Accessed 14 February 2019].
Wæver,O. ,1995. 'SecuritizationandDesecuritization'. InOnSecurity,ed. D. L. Ronnie. Columbia University Press, New York,49–80.
Waysi, H. , 2016. 'Zendegi-e ma medyon-e kohhast [We Owe Our Life to the Mountains]'. Chya Sociocultural Monthly 1(7), 1–8.
Qesimi, D. , 2016. 'Ihdas-e palayeshgah dar knar-e zrebar?! fajeayi bozorg dar rahast[Building Refinery Nnxt to Zrebar?! A Massive Catastrophe Is Waiting!]'. Chya Sociocultural Monthly 1 (10),1–8.
Qorbani, H. , 2017. 'Tazyanehay atesh ber jesm ve roh-e Kosalan [The Whips of Fire on the Body and Soul of Kosalan]'. Chya, Sociocultural Monthly 2(22), 1–8.
Radiozamaneh, 2018. Azay-e 'omomi dar Mariwan [Public Mourning in Mariwan]. August 26. Available at: https://www. radiozamaneh. com/409407 [Accessed 15 January 2019].
Reshidi, O. , 2017. 'Zagros dar jehenem [Zagros in the Hell]'. Chya Sociocultural Monthly 2(22), 1–8.
Reuveny, R. , S. A. Mihalache-O'Keef and Q. Li, 2010. 'The E□ect of Warfare on the Environment'.
Journal of Peace Research 47(6), 749–761.
Rohi, H. , 2015. 'Aserat-e zist mohitiy-e sedha [Dams Destructive Impact on the Environment]'. Chya Sociocultural Monthly 1(2), 1–8.
Rudaw,2019. 'JingeparezeraniKordestandawade-kendrostkerdenibendawrabegiret[Kurdish Environmentalists Ask for Stop of Dam Construction]'. 23 April. Available at: http://www. rudaw. net/sorani/middleeast/iran/220420191 [Accessed 24 April2019].
Sadeghi, M. , M. Malekian and L. Khodakarami, 2017. 'Forest Losses and Gains in Kurdistan Province, Western Iran: Where Do We Stand?'. The Egyptian Journal of Remote Sensing and Space Sciences 20(1), 51–59.
Sayfikaran, F. , 2019. 'Aghaz-e bazdasht-e fa'alan-e mohit-e zist dar Kordestan [Increasing Detention of Environmental Activists in Kurdistan]'. Tribunezamaneh, February. Available at: https://www. tribunezamaneh. com/archives/186392 [Accessed 20 March2019].
Soleimani,K. andA. Mohammadpour,2019b. 'Th eSecuritisationofLife:EasternKurdistanunder the